Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.26

# بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمەندییەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردن

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Soran Ismael Ahmed
soran.ahmed@su.edu.krd

RECEIVED :12 /07/2025
ACCEPTED :07/10/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**سۆران اسماعیل احمد/** بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر ،هەرێمی کوردستان- عێراق

**جواد نعمت حسین/** بەشی پەروەردەی هونەری، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی- سلێمانی، هەرێمی کوردستان– عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
بەرنامەی راهێنان
پەروەردە
فێرکردن

## پوختە

ئەم توێژینەوە هەڵهێنجراوی تێزی دکتۆرایە، توێژینەوەیەکە تەنها لایەنی تیۆریی بەرنامەی ڕاهێنان لەخۆدەگرێت و جەخت لەسەر لە لایەنی کرداری یان توێژینەوەی مەیدانیی پەیوەست بە بەرنامەکانی ڕاهێنان ناکات، بەڵکو تیشک دەخاتە سەر چوارچێوەی تیۆریی پەیوەست پێیەوە، وەک چۆن لە ئەدەبیاتی پەروەردەیی و توێژینەوەکانی پێشوودا هاتووە، بە ئامانجی ئاشکراکردنی مانای چەمکی بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمەندییەکانی لە بواری پەروەردەو فێرکردن، کە پێک دێت لە سێ بەش، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ناساندن بە توێژینەوەکە، کە برگەکانی: کێشەی توێژینەوەکە و گرنگی توێژینەوەکە و ئامانجی توێژینەوەکە، سنوری توێژینەوەکە و دیاریکردنی زاراوەکانە، هەروەها بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە پێک دێت لە (٨) هەشت تەوەر کە باسی (کورتەیەک لە مێژوویی سەرهەڵدانی بەرنامەی ڕاهێنان و مانا چەمکیەکەی و توخمەکان و بنەماکان و ئامانجەکان و تایبەتمەندییەکان و گرنگی و دیزاین و پێداویستیەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی و لەگەڵ دیراسەکانی پێشوو گفتووگۆکان دەربارەیان) دەکات، وبەشی سێیەم تەرخان کراوە بۆ خستنەڕووی دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١. ناساندنی توێژینەوەکە

### ١.١ پێشەکی

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی سەدەی بیست و یەکەم، بریتییە لە گەشەسەندنی بەرچاو لە بواری ئامراز و هۆیەکانی پەیوەندیکردن، هەروەها تەکنەلۆژیای فێرکردن و فێربوون، کە جەخت دەکات لەسەر بەکارهێنانی ئامراز و هۆیەکانی پەیوەندیکردن لە پرۆسەی فێرکردن وفێربوون و راهێناندا، وەک شێوازەکانی فێربوونی ئەلیکترۆنی، فێربوون لەدوورەوە، فێرکردنی گریمانەیی، فێرکردنی تێکەڵاو، وبەگەرخستنی بەرنامەکانی زیرەکی دەستکرد لە بواری فێرکردندا. جگە لە ڕێکخستن ودیزاینکردنی ناوەرۆکی بابەتەکانی خوێندن بە شێوازی پرۆگرامی فێرکردن و فێربوون و ڕاهێنان. ودیزاینکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی بۆ قوتابیان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا، یان مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردندا، یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی سەردەمی ئیستا بۆ توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی وولاتانی جیهان بە شێوەی گشتی، لەبەر ئەوەی هەر بەرنامەیەکی ڕاهێنان زیاتر لەسەر بنەمای تیۆرێکی دیاریکراو لە تیۆریەکانی فێربوون دیزاین دەکرێت، و بۆ دڵنیابوون لە کارایی هەر بەرنامەیەکی ڕاهێنانی پێش جێبەجێکردنی پێویستە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی، وتوێژینەوەی ئێستاش وەک بەشێک لە چوارچێوەی تیۆری تێزی دکتۆرای توێژەر رۆشنانی دەخاتە سەر بەرنامەی ڕاهێنانی و تایبەتمەندییەکانی.

### ٢.١ کێشەی توێژینەوە

دامەزراوە پەروەردەییەکان هەوڵدەدەن دەرئەنجامە پەروەردەییەکانیان بەگوێرەی پێداویستییەکانی گۆڕانی بازاڕی کار پەرەپێبدەن، و بەرنامەی ڕاهێنان یەکێکە لەو ئامرازە سەرەتاییانەی کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بەکاردەهێنرێت. بەرنامەی ڕاهێنان تەنها لە ڕاهێنانێکی پراکتیکی سادەدا سنووردار نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی چوارچێوەیەکی میتۆدۆلۆژی دەکات کە ئامانجی ڕوون، ناوەڕۆکی ڕێکخراو، شێواز و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر بۆ ئەنجامەکانی لەخۆدەگرێت. لەگەڵ پەرەسەندنی پشتبەستن بە ڕاهێنان وەک پێکهاتەیەکی تەواوکەری پرۆسەی پەروەردەیی، پێویستییەکی گرنگ هەیە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لە تایبەتمەندییەکانی بەرنامەکانی ڕاهێنان، لەوانەش ڕوونی ئامانجەکانیان، گشتگیریی ناوەڕۆکەکانیان، گونجاوی شێوازەکانی جێبەجێکردنیان، و کارایی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنیان. ونەبوونی هاوسەنگی لە نێوان ئەم توخمانەدا ڕەنگە ببێتە هۆی لاوازبوونی کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان و نەگەیشتن بە ئەنجامە خوازراوەکان. بۆیە کیشەی ئەم توێژینەوەیە لە پرسیارێکی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت کە :

کە ئایا تایبەتمەندییەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی کاریگەر لە دامەزراوە فێرکارییەکان چین ؟ و ئەو هۆکارانە چین کە بەشدارن لە یەکگرتن و کوالیتییەکەی ؟

لەم پرسیارەوە چەندین پرسیاری لاوەکی سەرهەڵدەدەن، کە پەیوەندییان بە پێکهاتەی بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمەندییە سەرەتاییەکانی، و پێوەرەکانی دیزاین و میکانیزمەکانی جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی لە چوارچێوەی ژینگەی پەروەردەییدا هەیە.

### ٣.١ گرنگی توێژینەوە

بەرنامەی ڕاهێنانی یەکێکە لەو بنچینەیانەی کە بەشدارە لە باشترکردنی پرۆسەی خوێندن بۆ بەرزکردنەوەی توانای مامۆستایان و خوێندکاران. و بەرزکردنەوەی توانا تەکنیکییەکان و جێبەجێکردنی ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە هەر لەشێوازی سەرەتاییەکانەوە تاکو شێوازی داهێنان لە پێشکەوتنە هاوچەرخەکاندا. لەم چوارچێوەیەدا جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی گرنگە لە بەرزکردنەوەی کوالیتی پەروەردە و فێرکردن بۆ :

١-باشترکردنی تواناکانی فێرکردن و فێربوون : فێرکردنی بەردەوام ڕۆڵی هەیە لە پەرەپێدانی ستراتیژیەتی وانەوتنەوە چالاکەنە، بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوانن بە باشترین شێوە بگەینە خوێندکارەکانیان. بەو پێیەی ڕۆڵیان هەیە لە چۆنیەتی فێرکردنیان بۆ بەکارهێنانی کەرەستە بە شێوەیەکی چالاکتر. -باشترکردنی تواناکانی فێرکردن و فێربوون : فێرکردنی بەردەوام ڕۆڵی هەیە لە پەرەپێدانی ستراتیژیەتی وانەوتنەوە چالاکەنە، بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوانن بە باشترین شێوە بگەینە خوێندکارەکانیان. بەو پێیەی ڕۆڵیان هەیە لە چۆنیەتی فێرکردنیان بۆ بەکارهێنانی کەرەستە بە شێوەیەکی چالاکتر.

٢-هاندانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پەروەردەدا : لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، زیاتر پێویستیکردووە فێری مامۆستایان و خوێندکاران بکرێت، کە چۆن ئامرازە تەکنەلۆژییەکان بەکاربهێنن بۆ باشترکردنی پرۆسەکانی خوێندن.

٣-باشترکردنی ئاستی خوێندن، لە ڕێگەی بەرنامەی ڕاهێنانەوە خوێندکار و مامۆستا دەتوانن پەرە بە توانا ئەکادیمییەکانیان بدەن، و تەنانەت ئاستی گشتی خۆیان لە پۆلدا باشتر بکەن. بەم شێوەیە مامۆستایان دەتوانن شێوازی وانەوتنەوە پەرەپێبدەن بۆ ئەوەی خوێندکاران سەرقاڵی ناوەڕۆکەکە بن. (حمدي، ٢٠١٥، ٤٥ )

٤-دەرفەت بۆ خوێندکاران دەرخسێنێت، لە چۆنییەتی سوود وەرگرتن لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی پێشوو.

٥-ئامادەکییەکی دیار وبەرچاوی هەیە لە پەرەپێدانی لایەنی زانیین و ڕۆشنبیرکرنی خوێندکاران. ( القحف، ٢٠١٥، ٤٥ )

٦-ڕێنماییکردنی دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی پیشەیی و پراکتیکی، کە خوێندکاران دەتوانن شارەزا بن لە کارامەییەکانی پەیوەست بە پسپۆڕییە ئەکادیمییەکانیان.

٧-باشترکردنی کوالیتی وانەوتنەوە و فێربوون بە بەستنەوەی کارامەییەکانی ئەکادیمی بە واقیعی پراکتیکی، کە کاریگەریی وانەوتنەوە بەرز دەکاتەوە و کارلێکی خوێندکاران لەگەڵ ناوەڕۆکی کۆرسەکاندا زیاد دەکات.

٨-تواناسازی خوێندکاران لەسەر بنەماکانی تیۆری بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویی و جێبەجێکردنی لە ئەدای پراکتیکیدا، کە بەشدارە لە باشترکردنی ئامادەییان بۆ بازاڕی کار دوای دەرچوون.

٩-پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی پەرەپێدانی مەنهەجی پەروەردەیی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان کە هاوڕێی خولەکانن، و بەرزکردنەوەی دەرئەنجامە فێرکارییەکان.

١٠-دابینکردنی چوارچێوەیەکی زانیاری گونجاو بۆ توێژەران و پەروەردەکاران، لەبارەی بەرنامەی ڕاهێنانی سەرکەوتوو، چۆنیەتی دیزاینکردنی.

### ٤.١ ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە

**-ئامانجی گشتی:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی شرۆڤەی بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمەندییە پەروەردەییەکانی بکات لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، ئەمەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەدەبیات و توێژینەوە پێشووە پەیوەندیدارەکانەوە.

**-ئامانجە لاوەکییەکان:**

١-ناساندن و تێگەیشتن لە چەمکی بەرنامەی ڕاهێنان لە بواری پەروەردە و فێرکردن، هەروەها ئاماژەکردن بە مێژووی سەرهەڵدانی.

٢-دیاریکردنی گرنگیی و پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی.

٣-دەستنیشانکردنی توخمەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی و ئەو تایبەتمەندییە پەروەردەییانەی کە بەرنامە ڕاهێنانە سەرکەوتووەکان جیادەکەنەوە (وەک ئامانجداری، نەرمی وگونجاوێتی، گشتگیری، و هەڵسەنگاندن).

٤-دەرخستن و ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی بەرنامەکانی ڕاهێنان لە پەرەپێدانی توانای کادیرانی پەروەردەیی و باشترکردنیان لە پرۆسەی فێرکردندا.

٥-دیاریکردنی بنەماکانی بەرنامەی ڕاهێنانی بەڕوونکردنەوەی مەرج و بنەما زانستییە پێویستەکان بۆ داڕشتنی بەرنامەی ڕاهێنانی کاریگەر و بەسوود.

٦- دەستەبەرکردنی قۆناغەکانی دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنانی، یەکێ لەوانە دیزاینی ناوەڕۆکە، کە پێویستی بە تێکەڵکردنی تیۆرییە پەروەردەییەکانە بۆ ئەو کاتەی پێویستی بە بەکارهێنانی پراکتیکی دەبێت.

٧-سوودوەرگرتن لە توێژینەوە پێشووەکان بۆ بنیاتنانی تێڕوانینێکی تیۆریی یەکگرتوو و هەمەلایەنە سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی بەرنامەکانی ڕاهێنان.

### ٥.١ سنووری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە تەنها لایەنی تیۆریی بەرنامەی ڕاهێنان لەخۆدەگرێت، لە ڕووی چەمک و ئامانج و گرنگییەکەیەوە، و ئەو تایبەتمەندییە پەروەردەییانەی کە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا هەیەتی، وەک: (ئامانجداری، نەرمی، گشتگیری،

هەڵسەنگاندنی بەردەوام) هەروەها، توێژینەوەکە باس لە لایەنی کرداری یان توێژینەوەی مەیدانیی پەیوەست بە پرۆگرامەکانی ڕاهێنان ناکات، بەڵکو تیشک دەخاتە سەر چوارچێوەی تیۆریی پەیوەست پێیەوە، وەک چۆن لە ئەدەبیاتی پەروەردەیی و توێژینەوەکانی پێشوودا هاتووە.

## ٦.١ پێناسەی چەمک و زاراوەکان

### ١.٦.١بەرنامەی ڕاهێنان( البرنامج التدريبي) :

**- پێناسەی زمانەوانی:**

زاراوەی "بەرنامەی ڕاهێنان" لە دوو وشەی لێکدراو پێکدێت. "بەرنامە" وشەیەکی فارسییە (برنامە) کە لە زمانی کوردیدا بە واتای "نەخشەیەکی پێشوەختە داڕێژراو بۆ ئەنجامدانی کارێک" دێت (هەژار، ٢٠١٠، ٨٥). "ڕاهێنان"یش لە زمانی کوردیدا لە ڕەگی "ڕاهاتن"ەوە وەرگیراوە، کە بە واتای "خوگرتن و شارەزابوون لەسەر شتێک لە ڕێگەی مەشقەوە" دێت (هەژار، ٢٠١٠، ٣٤٤). لە دیوێکی دیکەی پێناسەکە، زاراوەی "البرنامج التدريبي" زاراوەیەکی لێکدراوی عەرەبییە و لە دوو وشە پێکدێت:

-البرنامج (بەرنامە): ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە (prógramma) و دواتر چووەتە ناو زمانی لاتینی و پاشان زمانەکانی تر. لە زمانی عەرەبیدا بە واتای "نەخشەی کار یان ئەو شتانەی کە بڕیارە ئەنجام بدرێن یان نمایش بکرێن" دێت (مجمع اللغة العربية بالقاهرة، ٢٠٠٤، ٥٩).

-التدريب (ڕاهێنان): ئەم وشەیە لە ڕەگی (درب)ەوە وەرگیراوە. (الدربة) بە واتای خوگرتن بە شتێک و شارەزابوون و ئازابوون تیایدا دێت. (التدريب)یش بریتییە لە کرداری مەشقپێکردن و ڕاهێنانی کەسێک لەسەر کارێک تاوەکو کارامە و شارەزای دەکات (ابن منظور، ١٩٩٤، ٣٧٧).

بەم پێیە، "البرنامج التدريبي" لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتای "نەخشەیەکی پێشوەختەی داڕێژراوە بۆ مەشقپێکردن و کارامەکردنی کەسێک لەسەر کارێکی دیاریکراو" دێت.

**-پێناسەی زاراوەیی :**

لە ڕووی زاراوەییەوە، "بەرنامەی ڕاهێنان" بریتییە لە "کۆمەڵێک چالاکیی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراوە، و بەردەوام بە ئامانجی پێدانی زانیاری تایبەت بە فێرخوازانی ناو ڕێکخراوەکەیە، لە پێناوی باشترکردن و پەرەپێدانی لێهاتوویی و تواناکانیان، و گۆڕینی ڕەفتارەکانیان بە شێوەیەکی ئەرێنی و بنیاتنەر". (عبدالهادي والعبيدي، ٢٠١٣، ٦٩ )، بەڵام لە بواری پەروەردە و فێرکردن، بەرنامەی ڕاهێنانی: "پلانێکی ڕێکخراو و زنجیرەی چالاکییە فێرییەکان و کردەییەکانە، کە دیزاین کراوە بۆ گەشەپێدانی توانا، زانیاری و ڕەفتاری ڕاهێنراوەکان بۆ هەر بوارێکی دیاریکراودا، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی کارامەیی پیشەیی یان پەروەردەییان". (ريفاعی، ٢٠١١، ٩)

"بەرنامەی ڕاهێنان بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێکار و چالاکی کە بە شێوەیەکی زانستی و ڕێکخراو دادەڕێژرێن بە مەبەستی پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان توانای ئێستای کارمەند و ئەو داواکارییانەی کاری پێویستی پێیەتی" ( السلمي، ٢٠٠٢، ١١٥).

**-پێناسەی تیۆری:**

لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، بەرنامەی ڕاهێنان وەک سیستمێکی گشتگیر سەیر دەکرێت کە لە چوار قۆناغی سەرەکی پێکدێت: دیاریکردنی پێداویستییەکان، دیزاینکردن، جێبەجێکردن، و هەڵسەنگاندن. ئەم پرۆسەیە ئامانجی سەرەکی بریتییە لە پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان ئاستی کارامەیی ئێستا و ئاستی کارامەیی داواکراو. "ڕاهێنان بریتییە لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکی مەبەستدار کە ئامانج لێی بەدەستهێنانی ئەو زانیاری و کارامەییانەیە کە تاک پێویستی پێیەتی بۆ ئەنجامدانی کاریگەرانەی ئەرکەکانی" (ماهر، ٢٠٠٤، ١٨٩).

**-پێناسەی ڕێکاری:**

لەم توێژینەوەیە توێژەر پێیوایە: بەرنامەی ڕاهێنان بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکیی ڕێکخراو، کە وانەی تیۆری و مەشقی کرداری لەخۆدەگرێت و بە شێوەیەکی دیاریکراو پێشکەش بە بەشداربووان دەکرێت، ئامانجی سەرەکیی ئەم بەرنامەیە،

گەشەپێدانی کارامەیی و زانیاریی بەشداربووانە لە بوارێکی دیاریکراودا، و کاریگەرییەکەی بە بەراوردکردنی ئاستی زانیاری و کارامەییان پێش و پاش بەرنامەکە دەپێورێت.

**٢.٦.١ پەروەردە ( التربية )**

**-پێناسەی زمانەوانی:**

وشەی "پەروەردە" لە زمانی کوردیدا لە چاوگی "پەروەردن"ەوە هاتووە کە بە واتای "بەخێوکردن، پێگەیاندن و بارهێنان" دێت (هەژار، ٢٠١٠، ١٣٢). کە هاوتای ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا "التربية"یە کە لە ڕەگی ( رَبا، يَربو) وەرگیراوە و بە واتای گەشەکردن و نەشونماکردن دێت (ابن منظور، ١٩٩٤، بەرگی ١٤، ٣٠٣).

**-پێناسەی زاراوەیی:**

لە ڕووی زاراوەیی "پەروەردە پرۆسەیەکی گشتگیر و بەردەوامە کە ئامانجی گەشەپێدانی کەسایەتی مرۆڤە لە هەموو ڕووەکانی جەستەیی، هزری، سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە، بە مەبەستی ئامادەکردنی تاکێکی چالاک و بەرهەمدار لەناو کۆمەڵگادا." (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢٥)، "پەروەردە پرۆسەی ئامادەکردنی مرۆڤە بۆ ژیانێکی پوخت و تەواو، لە ڕێگەی گەشەپێدانی هاوسەنگیی هێزە جەستەیی و هزری و ئەخلاقییەکانی تاک" (عەبدولکەریم، ٢٠٠٥، ٢٨).

**-پێناسەی تیۆری:**

لە ڕوانگەی فەلسەفەی کۆمەڵناسییەوە، پەروەردە ئەو ئامرازەیە کە کۆمەڵگە لە ڕێگەیەوە بەها و نەریت و زانیارییەکانی خۆی دەگوازێتەوە بۆ نەوەی نوێ و بەمەش بەردەوامیی خۆی مسۆگەر دەکات . ئیبن خەلدون، پێی وایە کە پەروەردە و فێرکردن "پیشەسازییەکە لە پیشەسازییەکانی شار" کە بوونی شارستانیەت بەندە لەسەری (ابن خلدون، ٢٠٠٤، ٤٣٥).

**-پێناسەی ڕێکاری:**

لەم توێژینەوەدا پەروەردە لای توێژەر پرەنسیپێکە خاڵی گۆڕا و نەگۆری هەیە، لەکاتی مامڵەکردن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کەسی بەرامبەر، بۆ نموونە لە هەندێ دۆخدا بریتییە لە کۆی ئەو گۆڕانکارییە ئەرێنیانەی کە لە ڕەفتار و هەڵوێستی فێرخوازاندا ڕوودەدات، و لە ڕێگەی تێبینی و چاوپێکەوتنەوە لەناو ژینگەی فێرگەکاندا هەستی پێدەکرێت.

**٣.٦.١ فێرکردن (التعليم)**

**-پێناسەی زمانەوانی:** وشەی "فێرکردن" لە زمانی کوردیدا کرداری تێپەڕی "فێربوون"ە، واتە "گەیاندنی زانست و زانیاری بە کەسێکی تر" (هەژار، ٢٠١٠، ٥٨٨). هاوتای ئەم وشەیە لە عەرەبیدا "التعليم"ە، کە لە ڕەگی ( عَلِمَ ) بە واتای "زانین" وەرگیراوە، و "تعليم" واتە گەیاندنی زانین بەوانیتر (ابن منظور، ١٩٩٤، بەرگی ١٢، ٤١٧).

**-پێناسەی زاراوەیی:**

فێرکردن پرۆسەیەکی ڕێکخراو و مەبەستدارە کە تێیدا مامۆستا هەوڵدەدات زانیاری و کارامەییەکان بە شێوازێکی سیستەماتیک بگوازێتەوە بۆ فێرخواز، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی دامەزراوە فەرمییەکاندا ئەنجام دەدرێت. "فێرکردن بریتییە لە چالاکییەکی بەمەبەست کە ئامانج لێی یارمەتیدانی فێرخوازە بۆ گەشەپێدانی زانیاری و بەها و کارامەییەکانی" (الحصري، ٢٠٠٨، ٦٥). " فێرکردن بریتییە لە کۆمەڵێک هەنگاوی ڕێکخراو کە مامۆستا ئەنجامیان دەدات بە ئامانجی ئاسانکاری بۆ پرۆسەی فێربوون لای فێرخوازان" (زەیتون، ٢٠٠١، ٤٤). لە پێناسەیەکی دیکە مانای "فێرکردن بریتییە لە هەر چالاکییەک لەلایەن کەسێکەوە کە مەبەست لێی ئاسانکاری فێربوون بێت بۆ کەسێکی تر". (Gage, N. L, 1978, 15)

**-پێناسەی تیۆری :**

لە ڕوانگەی تیۆرییە نوێیەکانی فێربوونەوە، فێرکردن پرۆسەیەکی دوولایەنەیە کە تێیدا مامۆستا ڕۆڵی ڕێکخەر و ئاسانکار دەبینێت و فێرخواز ڕۆڵێکی چالاکی هەیە لە بنیاتنانی زانیارییەکانی خۆیدا. "فێرکردنی کاریگەر بریتییە لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی فێربوونی دەوڵەمەند کە هانی فێرخواز دەدات بۆ بیرکردنەوە، پرسیارکردن و بەشداریکردنی چالاکانە". (قطامي، ٢٠٠٥، ٩٨)

**-پێناسەی ڕێکاری:**

لای توێژەر لەم توێژینەوەیەدا: ئەو کۆمەڵە کردار و ستراتیژییەیە کە مامۆستا لەناو پۆل یان هۆڵ، لە ڕێگەی شێوازێک یان چەند شێوازێک لە ڕێگاکانی وانە وتنەوە بەکاری دەهێنێت بۆ گەیاندنی بابەتێکی دیاریکراو، و کاریگەرییەکەی لەسەر ئاستی تێگەیشتنی فێرخوازان دەپێورێت.

## ٢. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە (میتۆدۆلۆژی)

### ١.٢ کورتە باسێکی مێژوویی سەرهەڵدانی بەرنامەی ڕاهێنان و مانا چەمکیەکەی

لەم تەوەرەدا بەکورتی تیشک دەخرێتە سەر وێستگە مێژووییەکانی پەرەسەندنی بەرنامەی ڕاهێنان، لە شێوازە سەرەتاییەکانییەوە تا دەگاتە ئەو قۆناغەی کە تێیدا لەگەڵ زانستی پەروەردە و فێرکردندا تێکەڵ دەبێت، لەگەڵ تێگەیشتن لە چەمکی بەرنامەی داهێنان.

**-قۆناغە سەرەتاییەکان: تێکەڵاوبوونی پیشە و هونەر لە سیستمی شاگردیدا**

ڕەگ و ڕیشەی بەرنامەی ڕاهێنان دەگەڕێتەوە بۆ شێوازە نافەرمییەکانی گواستنەوەی زانیاری لە سەردەمە کۆنەکاندا، کە بە سیستمی "شاگردی و وەستاکاری" ناسرابوو. ئەم سیستمە وەک یەکەمین بەرنامەی نافەرمی دادەنرێت کە تێیدا فێربوون پشتی بە چاودێری، لاساییکردنەوە و ئەزموونی کرداری دەبەست. لەم قۆناغەدا، سنوورێکی ڕوون لەنێوان ڕاهێنانی پیشەیی و فێربوونی هونەریدا نەبوو. هەمان ئەو مۆدێلەی کە بۆ فێرکردنی دارتاشێک یان ئاسنگەرێک بەکاردەهات، بۆ پەروەردەکردنی وێنەکێشێک یان پەیکەرتاشێکیش پەیڕەو دەکرا. لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕاهێنان لە سەرەتادا هەم پیشە بووە و هەم هونەر. "گەشەسەندنی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی پیشەسازییەکان، پێویستیی دامەزراندنی ناوەندی فێرکردنی بەسیستەمی هێنایە ئاراوە، تاکو مرۆڤەکان لەبری شێوازی تاکەکەسی، بەشێوەیەکی کۆمەڵ و بەپێی پێداویستیی سەردەم پەروەردە بکرێن". (وریا، ٢٠٠٥، ٤٢)

**-شۆڕشی پیشەسازی: جیابوونەوەی ڕاهێنان لە پەروەردە**

شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی (١٨) و(١٩) بووە هۆی لەدایکبوونی یەکەمین بەرنامە فەرمییەکانی ڕاهێنان. دامەزراندنی کارگە گەورەکان و دابەشکردنی کارەکان بۆ ئەرکی بچووک و دووبارە، پێویستیی بە ڕاهێنانێکی خێرا و ستاندارد هەبوو. لێرەوە "قوتابخانەکانی کارگە" دامەزران کە تەنها ئامانجیان فێرکردنی کرێکاران بوو بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو. لەم قۆناغەدا، بەرنامەی ڕاهێنان لە پەروەردە و فێرکردنی گشتی جیابووەوە. پەروەردە زیاتر لایەنی تیۆری و گەشەپێدانی هزری لەخۆ دەگرت، لە کاتێکدا ڕاهێنان تەنها جەختی لەسەر لایەنی کرداری و بەدەستهێنانی لێهاتوویییەکی دیاریکراو دەکردەوە. ئەو کۆمپانیایانەی بەرنامەی ڕاهێنانی داهێنەرانەیان بەکاردەهێنا، ئەدای داراییان باشتر بوو (Noe, 2010, 5)، بەڵام ئەمە زیاتر لەسەر بنەمای کارایی بوو نەک گەشەپێدانی گشتگیری تاک.

**-سەدەی بیستەم: یەکگرتنەوە لەگەڵ زانستی پەروەردە**

سەدەی بیستەم خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ یەکگرتنەوەی بەرنامەی ڕاهێنان لەگەڵ زانستە پەروەردەییەکان. بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم و گەشەکردنی بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان، پسپۆڕان بۆیان دەرکەوت کە کاریگەریی ڕاهێنان تەنها بە گواستنەوەی زانیاری نابێت، بەڵکو پێویستە پشت بە تیۆرییەکانی فێربوون و بنەماکانی دەروونناسیی پەروەردەیی ببەستێت. لێرەوە زانستی "دیزاینی فێرکاری (Instructional Design)" سەریهەڵدا، کە بریتییە لە دارشتنی بەرنامەی ڕاهێنان بە شێوەیەکی زانستی و سیستماتیک. "بەرنامەی ڕاهێنان تەنها بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی زانیاری نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی ستراتیژیی بەردەوامە کە سەرمایەی مرۆیی ڕێکخراو بەهێز دەکات و توانای کێبڕکێی لە بازاڕدا مسۆگەر دەکات". (هێمن، ٢٠١٢، ٧٨)، ئەم دیدگایە ڕاهێنانی لە پرۆسەیەکی میکانیکییەوە گۆڕی بۆ زانستێک کە لەگەڵ پەروەردەدا هاوتەرییە.

**-سەدەی بیست و یەک: بەرنامەی ڕاهێنان وەک هونەری دیزاینکردنی ئەزموون**

لە سەدەی بیست و یەکدا، بەهۆی شۆڕشی دیجیتاڵییەوە، ڕاهێنان لە گواستنەوەی زانیاریی وشکەوە گۆڕاوە بۆ "هونەری

دیزاینکردنی ئەزموون". بەرنامە سەرکەوتووەکان چیتر تەنها پشت بە ناوەڕۆکی زانستی نابەستن، بەڵکو پێویستیان بە تێکەڵکردنی ڕەگەزی هونەری و تەکنەلۆژی هەیە بۆ دروستکردنی ئەزموونێکی فێربوونی کاریگەر و سەرنجڕاکێش.

ڕەگەزە هونەرییەکان وەک گێڕانەوەی چیرۆک (Storytelling) پەیوەندییەکی سۆزداری لەنێوان فێرخواز و ناوەڕۆکدا دروست دەکەن، لە کاتێکدا یاریئامێزکردن (Gamification) پاڵنەر و بەشداریکردن زیاد دەکات. وەک ئاماژەی پێدراوە، "یاریئامێزکردن میکانیزمەکانی یاری بەکاردەهێنێت بۆ هاندانی فێرخوازان لە ڕێگەی تێرکردنی ئارەزووە سروشتییەکانیان بۆ دەستکەوت و ڕکابەری.(Kapp, 2021, p. 45) "

هاوکات، تەکنەلۆژیا نوێیەکان وەک واقیعی مەجازی (VR) ڕێگە دەدەن فێرخوازان لە ژینگەیەکی واقیعی و سەلامەتدا مەشق بکەن. زیرەکیی دەستکرد(AI) یش ئەم ڕەهەندە دەگەیەنێتە لوتکە، بە داڕشتنی بەرنامەی ڕاهێنانی تایبەتمەند (Personalized) کە بە شێوەیەکی دینامیکی لەگەڵ ئاست و پێداویستیی هەر فێرخوازێکدا دەگونجێت، بەمەش هەر ئەزموونێکی فێربوون دەبێتە کارێکی هونەریی تاکەکەسی.

بەم شێوەیە، ڕاهێنەری مۆدێرن تەنها مامۆستا نییە، بەڵکو دیزاینەرێکی ئەزموونە کە زانست، هونەر و تەکنەلۆژیا تێکەڵ دەکات بۆ خوڵقاندنی گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە لە کارامەیی فێرخوازاندا.

## ٢.١.٢ چەمکی بەرنامەی ڕاهێنان :

چەمکی بەرنامەی ڕاهێنان فرەڕەهەندە و لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسە کراوە. یەکێک لە پێناسە بنەڕەتییەکان ئەوەیە کە بەرنامەی ڕاهێنان "پرۆسەیەکی پلاندارێژراوە بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت، زانیاری یان کارامەیی لە ڕێگەی ئەزموونی فێربوونەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەدای کاریگەر لە چالاکییەک یان کۆمەڵێک چالاکیدا (Wilson, 2005,12) ". ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر پلاندانان و ئەزموونی فێربوون دەکاتەوە وەک دوو توخمی سەرەکی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بنەماکانی پەروەردەی مۆدێرنەوە کە فێرخواز بە چەقی پرۆسەی فێربوون دادەنێت. واتە، ڕاهێنان پرۆسەیەکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو چالاکییەکە بە وردی دیزاین کراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ڕاهێنان و پەروەردە، دەتوانین بڵێین کە "ڕاهێنان بەشێکی گرنگی پەروەردەیە، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە کە ڕاهێنان زیاتر جەخت لەسەر لایەنی کرداری و کارامەیی تایبەت دەکاتەوە، لە کاتێکدا پەروەردە چەمکێکی گشتگیرترە و ئامانجی پەرەپێدانی گشتی کەسایەتی تاکە" (السید، ١٩٩٩، ١٤). بە واتایەکی تر، ئەگەر پەروەردە بناغەی زانستی و تیۆری دابمەزرێنێت، ئەوا ڕاهێنان ئەو زانستە دەگۆڕێت بۆ کارامەیی و لێهاتوویی جێبەجێکراو لە ژینگەی کاردا. ئەمەش وا دەکات ڕاهێنان ببێتە تەواوکەری پرۆسەی فێرکردنی ئەکادیمی و گشتی.

لەسەر هەمان بنەما، لە ڕوانگەیەکی کرداری ترەوە، بەرنامەی ڕاهێنان وەک "هەوڵێک بۆ گۆڕینی ڕەفتاری تاکەکان، وا لێکردنیان کە ڕێگا و شێوازی باشتر لە ئەنجامدانی کارەکانیاندا بەکاربهێنن... واتە، وا لێکردنیان کە دوای ڕاهێنانەکە بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی پێشتر پەیڕەویان دەکرد هەڵسوکەوت بکەن" (یاغی، ١٩٨٦، ٥) پێناسە کراوە. ئەم پێناسەیە زیاتر جەخت لەسەر ئەنجام و دەرئەنجامی کۆتایی ڕاهێنان دەکاتەوە کە بریتییە لە گۆڕانکارییەکی بەرجەستە لە ڕەفتاری کارمەند و شێوازی کارکردنیدا، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە باڵاکانی پەروەردە و فێرکردن: گۆڕینی ڕەفتار بەرەو ئاراستەیەکی ئەرێنی و بنیاتنەر.

پسپۆڕانی ناوخۆیش لەم بوارەدا پێیان وایە کە ڕاهێنان "بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی ڕێکخراو و بەردەوام کە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە لە نێوان توانای ئێستای کارمەند و ئەو توانایەی کە کارەکەی پێویستی پێیەتی بوونی هەیە" (صابر، ٢٠١٥، ١١٢). لێرەدا تیشک خراوەتە سەر سروشتی بەردەوامی پرۆسەکە و ڕۆڵی لە دیاریکردن و چارەسەرکردنی کەموکورتییەکاندا، کە ئەمەش هاوشێوەی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پەروەردەییە کە بەردەوام بەدوای خاڵە بەهێز و لاوازەکانی فێرخوازدا دەگەڕێت بەمەبەستی پەرەپێدانی.

هەروەها، "ڕاهێنان پرۆسەیەکی فێرکارییە کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک ڕێکخراوە بۆ گەشەپێدانی مەعریفە و لێهاتوویی و تواناکانی تاکێک بۆ ئاستێکی دیاریکراو" (العنزي، ٢٠١٢، ٢٥). ئەم پێناسەیە بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە ڕاهێنان لە بنچینەدا پرۆسەیەکی فێرکارییە، بەڵام چڕکراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراو و بەرزکردنەوەی تواناکان

بۆ ئاستێک کە لەگەڵ پێداویستییەکانی کاردا بگونجێت.

لە کۆتاییدا، دەتوانین بەرنامەی ڕاهێنان وەک "پلانێکی کاری ڕێکخراو کە کۆمەڵێک زانیاری و چالاکی و لێهاتوویی لەخۆدەگرێت" (العفون و مکاون، ٢٠١١، ٣٤) سەیر بکەین. ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر سروشتی ڕێکخراوی بەرنامەکە دەکاتەوە. هەر بەرنامەیەکی ڕاهێنان هاوشێوەی پرۆگرامێکی خوێندن لە سیستەمی پەروەردەدا، نەخشەڕێگایەکە کە بەشداربوو هەنگاو بە هەنگاو بەناو کۆمەڵێک بابەتی تیۆری و چالاکی پراکتیکیدا دەبات بۆ گەیشتن بەو لێهاتووییەی کە بۆی دیاریکراوە.

### ٢.٢ توخمەکانی بەرنامەی ڕاهێنان:

هەر بەرنامەیەکی ڕاهێنان لەم توخمە بنەڕەتییانە پێکدێت:-


١-ئامانجی ڕاهێنان و ڕەفتار.

٢-ناوەڕۆک (زانیاری، ئاراستەکان، و لێهاتوویی).

٣-ئەزموونی پەروەردەیی و ڕاهێنان (مەرج بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ).

٤-هەڵسەنگاندن بۆ پێوانەکردنی ئەو بەرهەمانە (دەرئەنجامەکان) کە لە ڕاستیدا بەدەست دەهێنرێن و فیدباکەکان (شێواز و کەرستەکان ) دەگەییەنێ". ( السعدي، ٢٠٠٤، ١٣١)

هەروەها ( أحمد الخطيب) لە کتێبەکەی بە ناوی ( دیزایینی بەرنامەی ڕاهێانی تێگەیشتن و ڕێکارییەکان) ئاماژەی پێکردوە کە توخمەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی بەم شێوە بێت کە لە هێلکاری (١) خراوەتەڕوو:




**هێڵکاری (١) ( هەنگاوەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی )**

( أحمد الخطيب، ٢٠١٥، ٤٥ )

### ٣.٢ بنەماکانی بەرنامەی ڕاهێنان:

بۆ پتەوکردنی بنەماکانی دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنانی، پەیوەندی نێوان تیۆری و پراکتیک پاڵپشتییەکی بنەڕەتی پەرەپێدانی پسپۆڕییە بۆ هەر بوارێک. وەک (کاتلین فوگارتیKathleen Fogarty) ، پسپۆڕی بواری پەروەردە و بەرنامەی خوێندن، لە وتارێک بە ناوی "چوار بنەمای سەرەکی بۆ دیزاینی بەرنامەی خوێندنی کاریگەر"لە وێبسایتی "Learning Forward" بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات: "یەکەمین بنەمای دیزاینی بەرنامەی خوێندنی کاریگەر بریتییە لەوەی کە دەبێت ڕوون بێت لەسەر ئامانجەکانی فێربوون و چاوەڕوانییەکان بۆ فێرخوازان ." (Fogarty, K. 2017, March 2).

ئەمەش جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە کە ڕوونی ئامانجەکان بناغەی سەرکەوتنی هەر بەرنامەیەکی ڕاهێنان پێکدەهێنێت. بەبێ ئامانجی ڕوون، پرۆسەی فێربوون بێ ئاراستە دەبێت و ناتوانرێت پێشکەوتن بە دروستی هەڵسەنگێنرێت. لەم سۆنگەوە کۆمەڵێک بنەما هەن بۆ دانانی بەرنامەی ڕاهێنانی کە بریتین لە:

١-گشتگیری: پلانی ڕاهێنانی ڕێکخراوەکە دەبێت هەموو فێرخوازەکان یان کارمەندەکان لەخۆبگرێت.

٢-پلاندانان: پێویستە ڕاهێنان بەپێی پلانێکی وورد ئەنجام بدرێت.

٣-بەردەوامی: ڕاهێنان پێش و دوای ئەوەی فێرخوازەکە یان کارمەندەکە پەیوەندی بە کارەکەیەوە دەکات، و لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت بە درێژایی ژیانی پیشەیی.

٤-کاتی تەرخانکردن: پێویستە فێرخواز لە ڕۆژی ڕاهێناندا لە دەوام کاتەکانی بۆ ئەم بێت.

٥-پەیرەوکردن: بەرنامەی ڕاهێنان نابێت تەنها لە لایەنی تیۆریدا سنووردار بێت، بەڵکو دەبێت لە لایەنی پراکتیکی و ئەو ڕاهێنانەی کە لەلایەن ڕاهێنەر پێشکەش دەکرێت جێبەجێبکرێت.

٦-واقعیەت: بەرنامەی ڕاهێنان، بە ئامانج و چالاکییەکانیەوە، دەبێت لە واقیعەوە نزیک بێت، فێرخواز دەتوانێت ئەو شتانەی کە لەسەری ڕاهێنراوە ڕاستەوخۆ جێبەجێی بکات.

٧-پایە پایە: دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنانی پێویستە پایەکانی وردە وردە لە ئاسانەوە بۆ سەخت بێت.

٨-گەشەپێدان: پێویستە بەرنامەی ڕاهێنان لە مادده و شێوازی خۆیدا پێشکەوتوو بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت فێرخواز ئامادە بکات لە بواری پسپۆڕییەکەیدا.

٩-بەشداریکردن: بەو پێیەی ڕاهێنان ئەرکێکی هاوبەشە لە نێوان ڕاهێنەر و ڕاهێنراودا، وشەی "ڕاهێنراو" لە فەرهەنگی ڕاهێناندا گۆڕاوە بۆ بەشداریکردن، و بەرنامەی سەرکەوتوو ئەو بەرنامەیە کە دەرفەتێکی زیاتر بە بەشداربووان دەدات بۆ پێشکەشکردنی کار و ئەزموونەکانیان.

١٠-ڕێزگرتن: پێویستە ڕێزگرتن لە ناوەوە و دەرەوەی هۆڵی ڕاهێنان لە نێوان سەرجەم ئەندامانی پرۆسەی ڕاهێنان (ڕاهێنەر و بەشداربوو) هەبێت.

١١-پراکتیزەکردن: لە بەشەکانی ڕاهێناندا ئەمە بە واتای کاری ڕاهێنانە لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە، بە ئامانجی پێدانی شارەزایی و ئەزموونیان.

١٢-پابەندبوون: واتە پابەندبوونی بەشداربوو و لێپرسراوەکەی، بۆ ئامادەبوون لە پرۆگرامی ڕاهێنان کاتێک ئەنجام دەدرێت. (وصوص، والجوارنة، ٢٠١٦، ٢٠٢٢)

جێی ئاماژەیە لۆرانس ( Lourenc) پێی وایە ئەو بەرنامە ڕاهێنانیانەی، کە خوێنداکاران خۆیان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە پلاندانان و جێبەجێکرن و هەڵسەنگاندن، کاریگەرترە لەوانەی ئامانجەکانیان کێشراوە و هەروەها پلانیان بۆ دانراوە و خوێندکارەکان ڕۆڵی کارا ناگێرن. و ئەو بەرنامە ڕاهێنانەی، کە لەسەر بنەمای ئەزموونی کەسی هەمەجۆری خوێندکار دامەزراوە و جیاوازی مەیل و ئارەزوو ئامادەیی و تواناکان دەکات، سەرکەوتوو دەبێت لە گەیشتن بە ئامانجەکەی. (محمد امین، ٢٠٢٣، ١٧)

لەلایەکی دیکەش( دیوی )پێی وایە، پێویستە ئەزموون و بیرکردنەوەنەوەکانی فێرخواز بەهەند وەربگیرێت لە بەرنامەی ڕاهێنانی، لەبەرئەوەی هەرگیز پێدانی کۆمەڵێک زانیاری بێ بنەماو بێ مانایی کۆکراوە و چەقبەستیوو بۆ فێرخوازان نابێتە پێوەرێکی باش، ئەگەر پشت بە ڕێوشوینی چەند میکانیزمێک نەگرێتە بەر لەوانەش نزیکبوونی مامۆستاو خوێندکاران، فەرامۆش نەکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی لە کاتی ڕاهێناندا، و لێک بەستنەوە و گرێدانی چەمکەکان پێکەوە لەبەردەوامیدا، و دارشتن و گونجاندنی بەرنامەکە لەسەر شێوازێکی سەردەمیانە، هەروەها ( دیوی ) دەڵێت ڕاهێنانی باش پێویستە لەگەڵ ئارەزو و خولیاو لێهاتووی تاک گونجاو و هاوسەنگ بێت، ولای ناوبراو زێتر لایەنی کردەیی جێگەی بایەخ و پەسندە. ( عبدالکریم، ٢٠٢٢، ٢٦)

### ٤.٢ ئامانجەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی :

بە شێوەی گشتی ئامانجەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی پۆلێن دەکرێت بۆ دوو بەشی دیاریکراو:

١-ئامانجی گشتی: ئاماژە بۆ ئەو مەبەستە بنچینەیی و بنەڕەتییانە دەکات کە بەرنامەکە کار بۆ بەدەستهێنانی دەکات، لەم پێناوە تێدەکۆشێت بۆ ئەنجامگەیشتن و دڵنیابوون لە کارایی و کاریگەری بەرنامە ڕاهێنانیەکە لای ڕاهێنەر.

٢-ئامانجی تایبەت: بریتیین لە ئەرکەکان و ئەو کەشەی بەرنامە ڕاهینانیەکەی تیا بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ پێوەرەکانی ئادای کارکردنی. ( الدلفي، و جبير، ٢٠٢٠، ٤٣٦ )

هەر یەک لە (مرسي، و صوص و الجوارنة) ئاماژە بە کۆمەڵێک ئامانج دەکەن، کەوا دامەزراوە پەروەردەییەکان ئاواتەخوازن بەدەستبهێنن پشتبەست بە ئەنجامدانی بەرنامەی ڕاهێنان، ئینجا بۆ مامۆستایان بێت یان ئەوانەی لە بواری پەروەردەیی کار دەکەن لەوانە:

١-باشترکردنی ئەدای مامۆستا لە ڕێگەی پەرەپێدانی لێهاتوویی و هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە کاری پەروەردەیی.

٢-کارکردن بۆ زیادکردنی توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانەی تاک بۆ گونجاندن لەگەڵ بیرکردنەوەی پێداویستییەکانی پرۆسەی فێرکردنی نوێگەری.

٣-کارکردن بۆ پەرەپێدانی ڕەفتارەکانی مامۆستا بۆ کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان ئەدای ڕاستەقینە و ئەدای خوازراو دەستڕاگەیشتن پێی.

٤-کارکردن بۆ پەرەپێدانی مامۆستایان بە شێوەیەک کە ئاسانکاری بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆسەی خوێندن.

٥-کارکردن بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دەزگاکان و ئەو کەسانەی تێیدا کاردەکەن.

٦-کارکردن بۆ باشترکردنی کەشوهەوای گشتی پەروەردەیی و کردەیی لە دامەزراوەی پەروەردەییدا.

٧-پەرەپێدانی هەڵوێستە دروستەکانی تاک بەرامبەر بە قەدرزانینی کارەکانی و گرنگییەکەی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەست بەوەوە و دەرئەنجامەکانی.

٨-پێدانی زانیاری و لێهاتوویی و داهێنانی زانستی و تەکنەلۆژی بۆ فێرخوازان، و تیۆرییە پەروەردەییەکان کە وایان لێدەکات زیاتر بتوانن هاوسەنگ بن لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەدا.

٩-دابینکردنی شێوازەکانی بەردەوامی خوێندن بە مامۆستایان (فێردراوان) بە تواناکردنیان بۆ کارامەییەکانی خۆفێربوونی بەردەوام .

١٠-شایستەکردنی ئەوانەی کار لە پیشەی فێرکردن و ڕاهێنانیان دەکەن، بە پێی ستاندارد و ڕێساکان. (مرسي و ئەوانیتر، ٢٠١٠ ، ١٨٢)

### ٥.٢ تایبەتمەنییەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی

بێگومان بەرنامەکانی ڕاهێنان ئامرازێکی گرنگە بۆ باشترکردنی ئەدای تاکەکان و پەرەپێدانی تواناکانیان. بۆ ئەوەی ئەم بەرنامانە بە شێوەیەکی کارا ئامانجەکانیان بەدیبهێنن، پێویستە کۆمەڵێک تایبەتمەندی بنەڕەتییان هەبێت کە وایان لێبکات کاریگەر بن و بە شێوەیەکی دروست ئاراستەیان بکرێت بەرەو دابینکردنی پێداویستییەکانی فێرخوازان، هەر لەم سۆنگەوە لە تایبەتمەندییەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی ئەمانەن :

١-دیاریکردنی ئامانجەکانی ڕاهێنان بە شێوەیەکی ڕوون: کە یەکەم هەنگاوە بۆ دڵنیابوون لە کاریگەریی بەرنامەکە، چونکە ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکە بەرەو بەدەستهێنانی ئەنجامە تایبەت و پێوانەکراوەکان ئاراستە دەکات". ( طويقات ، ٢٠٠٩، ١٢ )

٢-پشتبەستن بە لێکۆلینەوەیەکی وورد دەربارەی پێداویستییەکانی فێرخوازان، بۆ دیاریکردنی کەلێنەکانی زانیاری و کارامەیی، کە دەبێت لە کاتی ڕاهێناندا چارەسەر بکرێن". ( الثويني، ٢٠٢١، ٣٣ )

٣-بوار ڕەخساندن بۆ داهێنان لەبەردەم خوێندکاراندا، وبوونی هاوسەنگی لە نێوان تیۆری و کرداریدا، و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و پێداویستیەکانی مامۆستاکان. ( عبدالكريم، ٢٠٢٢، ٢٥ )

٤-هەمەچەشنکردنی شێوازەکانی ڕاهێنان (وەک وتار، وۆرک شۆپ و ڕاهێنانی پراکتیکی، کە بەشدارە لە زیادکردنی

کارلێکی فێرخوازان و بەدەستهێنانی زۆرترین سوود".( خمیس ، ٢٠٢٤، ٢٣ )

٥-ڕێکخستنی پێکهاتەو وپرۆسەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی بە شێوەیەکی سیستماتیک".( عبداللة، ٢٠٢٢، ١٨)

٦-پەیرەوکردنی هەڵسەنگاندنی بەردەوام: کە یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکانی ڕاهێنان، بەو پێیەی یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکان و گونجاندنی لەگەڵ پێداویستییەکانی فێرخوازان بە شێوەیەکی بەردەوام". ( العتيبي، ٢٠٢٢، ٢١)

**٢-٦ دیزایینی بەرنامەی ڕاهێنانی**

بەشێوەیەکی گشتی ئامادەکردن وجێبەجێکردنی دیزاینی هەر بەرنامەیەکی ڕاهێنانی، دەچێتە چوارچێوەی پلانی پێشوەختە لە هەر بوارێکی بابەتی توێژینەوەکاندا، "دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنان پرۆسەیەکی سیستماتیکە کە مەبەست لێی گەیشتنە بە ئامانجێکی دیاریکراو لە ڕێگەی پلانێکی ڕێکخراوەوە (Morrison, G.R, 2019 ) ."بەڵام لە بواری پەروەردە و فێرکردندا گرنگی دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنان زیاتر بەپێی توێژینەوەکەی دەردەکەوێت، ئەم پێشەکییە ڕوونی دەکاتەوە کە دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنان لە بواری پەروەردەدا پرۆسەیەکی ئاڵۆز و گرنگە، کە پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوڵ و پلانێکی باش هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان. بەڵام لە هونەردا "دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنانی هونەری دروستکردنی پێکهاتەیەکی گونجاوە کە توانا و زانیارییەکان بە شێوازێکی سیستەمی بەرەوپێشچوون دەگوازێتەوە، بە دیاریکردنی سێ توخمی سەرەکی :

١-پێداویستیی ڕاستەقینە : کە لە شیکردنەوەی بۆشایی نێوان ئەوەی هەیە و ئەوەی پێویستە بێتەدی

٢-پلاندانانی ڕێگا : کە ناوەڕۆک و شێوازەکان بە پەیوەندی ئامانجەوە دەلکێنێت

٣-پێوانەی کاریگەری : کە گەڕانەوەی سەرمایە لە ڕێگەی گۆڕانکاری لە ڕەفتار و ئەنجامدا دەپێوێت

دیزاینێکی سەرکەوتوو خۆی لە پێشبڕکێی نێوان چەندایەتی لە (کات و سەرچاوە) و جۆرایەتی لە (کاریگەری فێربوون) دا دەناڵێنێت، و سەرکەوتنی لە توانای دیزاینەرەوە دێت لە بواری پەیوەندی ئەم دوو بەرەڵامییەدا "( تقي، ١٧،٢٠٢٢)

**١.٦.٢ قۆناغەکانی دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنانی:**

چەندین قۆناغ هەیە کە پرۆسەی دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنان پێیدا تێدەپەڕێت. ئەم قۆناغانە ڕەنگە جیاواز بن بەپێی میتۆدی بەکارهێنراو و سروشتی بەرنامە ڕاهێنانیەکان، لەگەڵ ئەوەش هەندێک قۆناغی بنەڕەتی هەن کە زۆربەی پرۆسەکانی دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنان لەخۆدەگرن. هەروەک وەک (مارگریت کەمپبێMargret Campbell) ، لە وتارێکدا بە ناوی (پێکهێنانی بەرنامەیەکی خوێندن: پێنج هەنگاو بۆ سەرکەوتن) کە لە وێبسایتی "ThoughtCo" بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات: "دیزاینی بەرنامەی خوێندن پرۆسەیەکی فرە-قۆناغییە کە بە دیاریکردنی پێداویستییەکان دەستپێدەکات و بە هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان کۆتایی دێت.(Campbell, M. 2019, June 25) ".

بۆ ئەوەی پرۆسەی بە دیزاینکردنی بەرنامەی ڕاهێنان بە تێرو تەسەلی و وردتر باسی لێوەبکرێت و ڕوونبکرێتەوە، ئەوا توێژەر پێی باشبوو لە ڕێگەی وەرگرتنەکان بۆ چەند قۆناغێک دیاریی بکات -:

**یەکەم- قۆناغی شیکاری پێداوویستیەکانی بەرنامەی ڕاهێنان:**

لەم قۆناغەدا بنەمای دیزاینی بەرنامە پێکدەهێنرێت، کە تێیدا کەلێنەکانی نێوان تواناکانی ئێستا و پێداویستییە خوازراوەکان دەستنیشان دەکرێن،"وبەکارهێنانی پرسیارنامە و چاوپێکەوتنی کەسی باشترینی ئامرازن بۆ دەستنیشانکردنی ئەم پێداویستیانە". ( کافالو، ٢٠١٠، ٣٥ )

**دووەم- قۆناغی دیاریکردنی ئامانجەکانی بەرنامەی ڕاهێنان:**

دوای شیکردنەوەی پێداویستییەکان، ئامانجەکان دیاری دەکرێن، کە پێویستە ئەم مەرجانە لە خۆ بگرێت :

-دیاریکراوبن

-قابیلی پێوانەکردنبن

-قابیلی جێبەجێکردنبن

-وورد و ڕوونبن

-هاوئاهەنگ و دژ بەیەک نەبن

-لە سنووری توانای جێبەجێکردنبن. (الطائي، ٢٠١٩، ٤٥)

**سێیەم- قۆناغی دیزاینکردنی ناوەڕۆکی ڕاهێنان:**

دیزاینی ناوەڕۆک پێویستی بە تێکەڵکردنی تیۆرییە پەروەردەییەکانە لەگەڵ بەکارهێنانی پراکتیکی. ولە کاتی دیزاینکردنی بەرنامەکەدا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە شێوازی ڕاهێنان و چەمکەکانی لەگەڵ سەختی قۆناغەکە گونجاو بێت و بوونی ئەو پەیوەندییەی نێوان چەمکەکان و بەشەکانی و قۆناغەکانی پێشکەوتن لە کارامەیی کاردا بگونجێت، ئەمەش بەشدارییەکە لە بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لەگەڵ ڕەزامەندی هەستی تاک لە کارەکەی و مۆراڵێکی بەرز و ئاشکراکردنی توانا تایبەتیەکانییەتی بۆ دۆزینەوەی کارامەیی نوێ، و دروستکردنی دۆخێکی ئامادەیی لە تاکدا بۆ چارەسەرکردنی هەر ئەرکێکی نوێ لە شوێنی کارەکەیدا. (عزیز، ١٩٩٩، ٤١)

**چوارەم- قۆناغی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاهێنان:**

پرۆسەی جێبەجێکردنی بەرنامەکە بە گرنگترین قۆناغی ڕاهێنان دادەنرێت، و تیایدا جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی داڕێژراو بە شێوەیەکی ورد لەبەرچاو دەگیرێت، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکەی پرۆسەی ڕاهێنان، تاوەکو بەرنامەکە لە بواری تیۆری و پلاندانان دەخرێتەڕوو بۆ بواری جێبەجێکردن و بەکارهێنان لەسەر زەمینەی کارکردن، بە لەبەرچاوگرتنی پابەندبوون بە هەموو هەنگاو و وردەکارییەکانی ئەو پلانەی کە پێشوەختە داڕێژراوە، هەروەها پەرەپێدانی چارەسەری خێرا و لە کاتی خۆیدا بۆ هەر ئاستەنگ و کێشەیەک، کە لەوانەیە سەرهەڵبدات و ڕووبەڕووی توێژەر ببێتەوە لە کاتی کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵیان، بە شێوەیەکی زنجیرەیی کە کاریگەری لەسەر ڕەوتی پرۆسەی ڕاهێنان نەبێت یان ڕێگری لە ڕاهێنان نەکات . کە بەرنامەی ڕاهێنانی بە شێوازی جۆراو جۆر جێبەجێ دەکرێت وەک:

١-بۆ ڕاهێنانی تیۆری: شێوازەکانی (کۆڕ و گفتوگۆ، سیمینار، گەردەلوولی مێشک، ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە) بەکار دەهێنرێت.

٢-بۆ ڕاهێنانی پراکتیکی: شێوازەکانی: ڕاهێنانی تاقیگەیی، ۆرک شۆپ، دووبارەکردنەوە، فێرکاری بچووک، ڕۆڵپێدان، چارەسەری کێشەکان، فێربوونی هاوبەش، ڕاهێنانی مەیدانی، وانەی مۆدێل، لێکۆڵینەوەی کەیس، سەردان و گەشتی مەیدانی بەکار دەهێنرێت.

لێرەدا ڕۆڵی ڕاهێنەری باش بریتییە لە هەڵبژاردنی یەکێک لە شێوازە گونجاوەکان بۆ هەر بابەتێکی ڕاهێنان، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک: کوالێتی، ژمارەی فێرخوازان و ئاستی پیشەیی و زانستیان، شوێن و کات، ماوەی ڕاهێنانەکان، هەروەها ئەو توانا ماددی و خزمەتگوزاریانەی کە لەبەردەستی فێرخوازاندایە. (علي و آخرون، ٢٠٠٩، ١٠٩)

**پێینجەم- قۆناغی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون:**

پرۆسەی هەڵسەنگاندنی بەرنامەی ڕاهێنان ئامانجی دەستنیشانکردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەیە کە لە کاتی جێبەجێکردنی بەرنامەکەدا ڕوودەدات، هەروەها بۆ دیاریکردن و زانینی ڕادەی سەرکەوتنی ڕاهێنەران لە ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاهێنان، ئێنجا گواستنەوەی مادەی ڕاهێنان بۆ فێرخوازان، و پێدانی وێنەیەکی ڕوون و بەرچاو بۆ فێرخوازان کە تا چەند لە ڕاهێنانەکان سوودمەند بوونە. و لە ئامرازەگونجاوەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن : پرسیارنامە : و تێبینی ڕاستەوخۆ، کۆبوونەوە یان مەراسیمی. ( المصدر، ٢٠١٠، ٦٦ )

وێرای بایەخی هەڵسەنگاندن لە باشترکردنی پرۆسەی ڕاهێنان و ئەنجامەکانی ، بەڵام چەندین بەربەست و کۆسپ و ئاریشە هەن، ڕێگە لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ڕاهێنان دەگرن، لەوانەش ( العتيبي، ٢٠١٧، ٩٨ ) بەم جۆرەی خوارەوە باسی کردوون:

١-بایەخ نەدانی کارگێری باڵ

٢-بێ توانایی بەرپرسانی ڕاهێنان و سەرپەرشیاران لە ئاست کارامەییەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی ڕاهێنان.

٣-کەمو کوری لە ئامێرەکانی هەڵسەنگاندن، وەکو ڕاپرسیەکان و هاوشێوەکانی

( حمە أمین، ع ، و قادر، ئا، ٢٠٢٥، ١٧٤)

### ٧.٢ پێداویستییەكانی بەرنامەی ڕاهێنانی بە شێوەیەكی گشتی بریتیین لەمانە :

#### ١-شوێنی ڕاهێنان:

هەڵبژاردنی شوێنی ڕاهێنان یەكێكە لەو توخمە سەرەكیانەی كە ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر چۆنایەتی و كوالیتی جێبەجێكردنی بەرنامەی ڕاهێنان هەیە، هەروەها پێویستە شوێنی كۆبوونەوەكە لە ڕووی قەبارە و تواناكانەوە بە تەواوی ئامادە بێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ژمارەی بەشداربووان و پێداویستییەكانی چالاكیی ڕاهێنانەكەدا بگونجێت. پێویستە خزمەتگوزارییەكانی وەک هەواگۆڕكێی باش و ڕووناكییەكی گونجاو و شوێنی دانیشتنی ئاسوودەی تێدابێت، لەیەنێكی دیكە باشتر وایە هۆڵەكان بە تەكنەلۆژیای نمایشكردن ئامادەبكریت، جگە لەوەش پێشنیار دەكرێت شوێنەكە نزیک بێت لە گواستنەوە یان لە شوێنێكدا بێت كە بە ئاسانی دەستت پێی بگات. ژینگەی شوێنەكە بەشدارە لە بەرزكردنەوەی تەركیز و هاندانی كارلێككردن لە نێوان بەشداربووان. ( خالد، ٢٠١٦، ٦٠-٦٢ )

#### ٢-ڕاهێنەرەكان:

ڕاهێنەران توخمی سەرەكیین لە سەركەوتنی هەر بەرنامەیەكی ڕاهێناندا. زۆر گرنگە كە ڕاهێنەرەكان پشتبەستراوبن بە ئەزموونی پراكتیكی و ئەكادیمی و لە بواری ڕاهێناندا هەڵبژێردراوبن، و پێویستە ڕاهێنەر توانای پەیوەندی كاریگەر و توانای گەیاندنی بیرۆكە و زانیاری هەبێت بە شێوەیەكی ئاسان و تێگەیشتوو. پێشكەشكردنی پاڵپشتی پێویست بۆ ڕاهێنەران زۆر پێویستە، ئەمەش بریتییە لە دابینكردنی كەرەستەی ڕاهێنان پێشوەختە، پێدانی ڕێنمایی ڕوون لەسەر ئامانجەكانی ڕاهێنان، و دابینكردنی ئەو سەرچاوە تەكنیكی یان ماتریالیانەی كە پێویستیان پێیەتی. هاندانی ڕاهێنەران لە ڕێگەی هاندانە دارایی و مانەوی دەتوانێت ئەدای كاركردنیان بەرز بكاتەوە، و پاڵنەریان بێت بۆ ئەوەی باشترینیان پێشكەش بكەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر كوالێتی ڕاهێنانەكان. ( محمد،٢٠٢١، ٤٤ )

#### ٣-كەرەستەكانی ڕاهێنان:

ئەو ئامرازانەن كە زانیاری و لێهاتوویی پێویست بە شێوەیەكی ڕێكخراو و ڕوون دەگەیەننە بەشداربووان، پێویستە ئەم ماددانە بە وردی دارێژراو بن بۆ ئەوەی پێداویستییەكانی بەشداربووان دابین بكەن و لەگەڵ ئاستەكانیان بگونجێت. كەرەستەكانی ڕاهێنان بریتیین لە بڵاوكراوەی كاغەزی وەک نامیلكە و ڕێنمایی كە یارمەتی بەشداربووان دەدات لە كاتی دانیشتنەكاندا بەدواداچوون بۆ ناوەڕۆكەكان بكەن. هەروەها ئامرازە دیجیتاڵییەكان بەشێكی سەرەكین لە بەرنامە مۆدێرنەكان، وەک ڤیدیۆ فێركاریەكان، و پێشكەشكردنی كارلێككارانە و چالاكییە كرداریەكان بە ئۆنلاین. و پێویستە كەرەستەكان بە شێوەیەک پێشكەش بكرێن كە بەشداربووان بە ئاسانی ئاماژەی پێبكەن دوای تەواوبوونی بەرنامەكە، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی هەركاتێک پێداچوونەوە بكەن، و بەردەوام دەبن لە سوودمەندبوون لە كارەكانیان یان ژیانی ڕۆژانەیاندا. ( Brown, 2019, 42–45 )

#### ٤-ئامرازە تەكنەلۆژییەكان:

ئامرازە تەكنەلۆژییەكان بەشێكی پێویستن لە جێبەجێكردنی بەرنامەكانی ڕاهێنانی مۆدێرن، بە تایبەت لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕاهێنانی دوورمەودا. دەكرێت پلاتفۆرمی ڕاهێنانی مەجازی وەک زووم یان تیمەكانی مایكرۆسۆفت بەكاربهێنرێت بۆ ئەنجامدانی كۆبوونەوەكانی ڕاهێنان بە شێوەی ئۆنلاین، ئەمەش كات و هەوڵەكان پاشەكەوت دەكات و ڕێگە بە بەشداریكردن دەدات لە چەندین شوێنەوە. جگە لەمەش بەرنامە كارلێككارەكانی وەک (Kahoot) یان (Mentimeter) یارمەتی بەشداربووان دەدات بە شێوازی داهێنەرانە لە ڕێگەی پرسیار، ڕاپرسی، یان چالاكییەكانی گروپەوە. ئامرازەكانی تری تەكنەلۆژیا وەک سیستەمی بەڕێوەبردنی ڕاهێنان (LMS) یارمەتی ڕاهێنەران دەدەن لە ڕێكخستنی كەرەستەی ڕاهێنان، بەدواداچوون بۆ پێشكەوتنی بەشداربووان، و شیكردنەوەی ئەنجامی ڕاهێنانەكان. هەروەها دابینكردنی هێڵی ئینتەرنێتی بەهێز و ئامێرە مۆدێرنەكانی وەک لاپتۆپ یان تابلێت، كە بەشدارە لە باشتركردنی ئەزموونی ڕاهێنانی گشتی
( Smith, 2020, 70–72 )

### ٥-چالاكییەكانی پرۆسەی ڕاهێنان :

پرۆسەی ڕاهێنان لە کۆمەڵێک چالاکی پێکدێت، کە دەچێتە چوارچێوەی پلاندانان و داڕشتنی بەرنامەکانی ڕاهێنان، بە مەبەستی خستنەڕووی کرداری ڕاهێنان و شوێنکردنەوەی بۆ پەیرەوکردن و جێبەجێکردنی بەپێی ڕێبازی سیستەمەکان، ئەوا پرۆسەی ڕاهێنان دەبێتە سیستەمێکی یەکگرتوو لە نێوان هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە کاریگەرییان لەسەر چالاکییەکانی ڕاهێنان دەبێت .

هەروەک لە خشتەی ژمارە (١) سیستەمی ڕاهێنان بەپێی ڕێبازی سیستەمەکان نیشان دەدات.

( خشتە ٢-١ سیستەمی ڕاهێنان )

| هێنراوەکان | کردارەکان | دەرچوونەکان |
|---|---|---|
| -هێزی مرۆیی (ڕاهێنەرەکان، ڕاهێنراوان، کارگێڕیەکان ، هونەریەکان، یاریدەرەکان).<br>-زانیارییەکان (کەرەستەی ڕاهێنان، تیۆرییەکان، توێژینەوەکان و ئەزموونەکان).<br>-تەکنەلۆژیاکان( ئامێرکان، کەل وپەلەکان، کەرەستەی ڕاهێنان ، شێوازی کارکردن و زانیاری هونەری ).<br>- پارەدارکردن.<br>- ئاسانکردنی پەروەردەیی.<br>- ژینگەی ڕاهێنان. | -پێداویستی ڕاهێنان.<br>- ئامانجەکان.<br>- ئیمکانییەتەکان .<br>-هەڵوێستە ڕاهێنانیەکان.<br>- ئەزموونە ڕاهێنانییەکان.<br>-شێوازەکان و چالاکییەکان. | - زانیاری و لێهاتوویی و ئاراستەی نوێ.<br>-ئاستی بەرزی ئەدای کارکردن.<br>- زیادبوونی داهات.<br>-زیادکردنی هۆشیاری لە کێشەکانی کارمەندان و کێشەکانی ڕێکخراو.<br>-هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر بە کار. |

### ٦-ستراتیژییەكانی وانەوتنەوە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی :

سەرکەوتنی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی پەیوەندییەکی نزیکی بە هەڵبژاردنی ستراتیژییە وەرگرتووەکانی وانەوتنەوەوە هەیە. هەروەک وەک (جۆن هات John Hattie) ، پسپۆڕی پەروەردە و فێربوون، لە وتارێکدا بە ناوی "فێرکردنی بینراو: بەکارهێنانی بەڵگە بۆ زۆرترین کاریگەری (Visible Learning: Using Evidence to Maximize Impact" ، کە لە ویبسایتی "Curriculum Associates" بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات:

"کاریگەرترین ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە ئەوانەن کە فێرخوازان چالاک دەکەن و ڕێگەیان پێدەدەن وەک مامۆستای خۆیان بیربکەنەوە، نەک تەنها وەک وەرگرانی زانیاری(Hattie, J. 2017, September 1). ئەمەش جەخت لەسەر گرنگیی ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە دەکاتەوە کە فێرخوازان چالاک دەکەن و هانیان دەدەن بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی پرۆسەی فێربوونی خۆیان. ستراتیژییەکانی وەک فێربوونی پێکەوەیی، فێربوونی پرۆژە-بنەما، یان ئەو میتۆدانەی کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشەکان پەرەپێدەدەن، بە کاریگەر دادەنرێن لە جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاهێناندا، چونکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پێویستییەکانی مەیدانی کارەوە هەیە و توانای فێرخوازان بۆ گونجاندن و داهێنان بەرز دەکەنەوە.

لێرەدا چەندین ستراتیژیەتی فێرکردنی گونجاو هەن، بۆ وتنەوەی ناوەرۆکی بەرنامەی ڕاهێنانی بۆ خوێندکاران یان بەشداربووان وەک:

أ-ستراتیژی فێربوونی هاوبەش:

"فێربوونی هاوبەش پرۆسەیەکی پەروەردەییە کە هانی خوێندکاران دەدات بە گروپی بچووک کار بکەن بۆ گەیشتن بە

ئامانجە هاوبەشە پەروەردەییەکان، بەجۆرێک کە هەر ئەندامێکی گروپەکە لە ئەوی دیکە فێر دەبێت و هەمووان هاوکاری بکەن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی بەکۆمەڵ". ( الزهراني، ٢٠١٨، ٤٥) سوودەکانی ئەم ستراتیژە توانای خوێندکاران بۆ هاوبەشیکردنی زانیاری و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوانیاندا باشتر دەکات.

ب-ستراتیژی فێربوون لەسەر بنەمای پڕۆژە:

"فێربوون لەسەر بنەمای پڕۆژە شێوازێکی پەروەردەیی پراکتیکییە کە لە ڕێگەیەوە خوێندکاران ئاراستە دەکرێن بۆجێبەجێکردنی پڕۆژەی فیربوون، کە تێیدا ئەو زانیاری و لێهاتووییانەی بەدەستیان هێناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی ڕاستەقینە بە شێوەیەکی داهێنەرانە بەکاردەهێنن". ( عبدالعال، ٢٢،٢٠١٧)

ئەم ستراتیژە لەسەر بنەمای تەرخانکردنی ئەو پرۆژانەیە بۆ خوێندکاران کە پێویستیان بە پلاندانان و جێبەجێکردن و پێداچوونەوە هەیە، ئەمەش بەشدارە لە هاندانی تواناکانیان بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و کاری تیمیدا، لە هەمان کاتدا چەمکە بەدەست هێنراوەکان بە شێوەیەکی پراکتیکی جێبەجێ دەکەن.

پ-ستراتیژی فێربوونی ئاشکرا یان دۆزینەوە:

"فێربوونی ئاشکراکردن پرۆسەیەکی فێرکردنە، کە تیایدا خوێندکاران هاندەدرێن بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان لەسەر خۆیان بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بخرێنەڕوو، ئەمەش توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆ و خۆفێربوونیان بەرز دەکاتەوە".( شریف، ٢٠١٩، ٨٨ ) ئەم ستراتیژە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە فێرخوازەکان بتوانن تواناکانی توێژینەوە و شیکاری بەکاربهێنن بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لەسەر خودی خۆیان، ئەمەش وایان لێدەکات کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە و سەربەخۆیان هەبێت.

**٧-ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن:**

چەندین جۆر لە ئامرازەکان هەڵسەنگاندن هەن، دەکرێت بەکاربهێنرین لە بەرنامەی ڕاهێنانی وەک

ا-تاقیکردنەوە پراکتیکییەکان.

ب-تاقیکردنەوە بابەتییەکان (زارەکی و نووسراو).

پ-گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە و دیراسەکردن.

ت-هەڵسەنگاندن پێش جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاهێنان (پێش تاقیکردنەوەکان).

ج-هەڵسەنگاندن لە کاتی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاهێنان .

چ-هەڵسەنگاندن دوای تەواوبوونی بەرنامەی ڕاهێنان. (باشات، ٢٠٠٩، ٨٧ )

**٨.٢ توێژینەوەکانی پێشوو :**

شیکردنەوەی گفتوگۆ و بەراوردکردن لە نیوان دیراساتی پێشوو (پێنج توێژینەوە و دوو کتێب)، لەگەڵ توێژینەوەی سەرەکیی بە ناوی (بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمەندییەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردن)، لێرەدا لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو :

١- توێژینەوەی (الهاشمي، ٢٠٢١): "تصميم البرامج التدريبية التعليمية: الأسس النظرية والتطبيقات العملية في ضوء النماذج الحديثة"

-دیراسەکردنی دەربارەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بە وردی بنەما تیۆرییەکان و مۆدێلە پراکتیکییەکانی دیزاینی فێرکاری (Instructional Design) دەخاتە ڕوو، بە تایبەتی مۆدێلی (ADDIE)، ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنان پرۆسەیەکی سیستماتیک و زانستییە، نەک تەنها کۆکردنەوەی زانیاری. بەپێی ئەم توێژینەوەیە، ڕوونیی ئامانجەکان و پەیوەستبوونی ناوەڕۆک بە شێوەیەکی تۆکمە، بنەمای کوالیتی هەر بەرنامەیەکی ڕاهێنانە.

-بەراوردکاری لەگەڵ "بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمەندییەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردن": ئەوەیە توێژینەوە

سەرەکییەکە باس لە "قۆناغەکانی دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنان" دەکات، وەک شیکاری پێداویستی، دیاریکردنی ئامانج، دیزاینی ناوەڕۆک، جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن. توێژینەوەکەی الهاشمي تەواوکەرێکی زۆر گرنگە بۆ ئەم بەشە، چونکە چوارچێوەیەکی تیۆری و مۆدێلی ستاندارد (ADDIE) بۆ ئەو قۆناغانە دابین دەکات. ئەمەش دڵنیایی دەدات لەوەی کە ئامانجەکان بە ڕوونی دیاریکراون و ناوەڕۆکەکە بە شێوەیەکی زانستیانە دارێژراوە، ئەمەش هەمکاریگەرێتی و هەم متمانەپێکراوی توێژینەوە سەرەکییەکە بەرز دەکاتەوە.

٢-توێژینەوەی (السيد، ٢٠١٩): "أثر استخدام استراتيجيات التعلم النشط في فعالية البرامج التدريبية للمعلمين"

- لە کاتێکدا ئەم توێژینەوەیە گرنگی ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک (Active Learning Strategies) لە ڕاهێنانی مامۆستایاندا ڕوون دەکاتەوە. توێژینەوەکە بەڵگە دەخاتە ڕوو کە چۆن ئەم ستراتیژییانە (وەک گفتوگۆ، کاری گرووپی، پرۆژە) فێرخوازان چالاک دەکەن و وایان لێدەکەن فێربوونێکی قووڵتر و مانادارتر بەدەست بهێنن، بە پێچەوانەی میتۆدە باوەکانی وانەوتنەوەی کلاسیک. ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆنیەتی پێشکەشکردنی ناوەڕۆکەکە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی بەرنامەی ڕاهێنان.

-بەراوردکاری لەگەڵ "بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمەندییەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردن":توێژینەوە سەرەکییەکە باس لە "ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاهێنانیدا" دەکات، بە تایبەت ستراتیژییەکانی فێربوونی هاوبەش و پرۆژە. توێژینەوەکەی السيد قووڵایی تیۆری زیاتر بەم بەشە دەدات، چونکە بنەما زانستییەکانی پشت فێربوونی چالاک و کاریگەرییەکانی لە بنیاتنانی کارامەیی کرداری لەسەر بنەمای بەشدارییپێکردن شی دەکاتەوە. ئەمەش پێشنیارەکانی توێژینەوە سەرەکییەکە بەهێزتر دەکات سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاهێنەر لە هەڵبژاردنی میتۆدە گونجاوەکان.

٣- توێژینەوەی (مصطفى، ٢٠٢٠): "مناهج تطوير برامج التدريب المهني في التعليم الفني والصناعي: دراسة تحليلية"

– ئەمەیان ڕێبازەکانی پەرەپێدانی بەرنامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی لە خوێندنی هونەری و پیشەسازیدا تاوتوێ دەکات. هەرچەندە فوکەسی سەر ڕاهێنانی پیشەییە، بەڵام پرەنسیپەکانی پەرەپێدانی بەردەوام و چۆنیەتی گونجاندنی بەرنامەکان لەگەڵ پێداویستییە گۆڕاوەکانی بازاڕی کاردا دابین دەکات. ئەمەش بۆ پەرەپێدانی توانا کردارییەکانی مامۆستایان لە بواری گشتیی پەروەردە و فێرکردندا زۆر گرنگە، چونکە مامۆستایان پێویستە بەردەوام خۆیان نوێ بکەنەوە.

-بەراوردکاری لەگەڵ "بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمەندییەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردن": توێژینەوە سەرەکییەکە ئاماژە بە پێویستی "گەشەپێدان" و "هاوچەرخبوون"ی بەرنامەکانی ڕاهێنان دەکات. توێژینەوەکەی مصطفى ڕێبازێکی زانستی بۆ پەرەپێدانی بەردەوام و نوێکردنەوەی بەرنامەکان دەخاتە ڕوو. ئەمە قووڵایی زیاتر بە بەشەکەی پەرەپێدانی توێژینەوە سەرەکییەکە دەدات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن بەرنامەیەکی ڕاهێنان دەبێت بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بێت بۆ ئەوەی بەپێی پێداویستییە سەردەمییەکان بێت، کە لەگەڵ تایبەتمەندی "هاوچەرخبوون"ی توێژینەوە سەرەکییەکە هاوتەرییە.

٤-توێژینەوەی (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٣): "چەمک و بنەماکانی پەروەردەی تەکنەلۆژی و کاریگەرییەکانی لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەک لە ناوەندەکانی خوێندندا"

-ئەم دیراسەیە بە وردی دەچێتە ناو چەمکی پەروەردەی تەکنەلۆژی و چۆنیەتی پەرەپێدانی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەک، وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، داهێنان، هاوکاری و چارەسەرکردنی کێشەکان. توێژینەوەکە گرنگیی تەکنەلۆژیا وەک چوارچێوەیەکی پەروەردەیی گشتگیر دەخاتە ڕوو کە دەتوانێت شێوازەکانی فێربوون و فێرکردن گۆڕانکاری بنەڕەتیان بەسەردا بهێنێت و مامۆستایان بۆ داهاتوو ئامادە بکات.

-بەراوردکاری لەگەڵ "بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمندییەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردن": توێژینەوە سەرەکییەکە بەشێکی تایبەتی هەیە سەبارەت بە "سەدەی بیست و یەک: بەرنامەی ڕاهێنان وەک هونەری دیزاینکردنی ئەزموون" و تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا وەک زیرەکیی دەستکرد. توێژینەوەکەی عەبدوڵڵا بنەما تیۆرییەکانی پشت ئەم چەمکانە و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان لە ناوەندەکانی خوێندندا بە وردی شیکار دەکات. ئەمەش نەک تەنها گرنگیی تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵکو چوارچێوەیەکی پەروەردەیی فراوانتری پێشکەش دەکات بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکانی

سەدەی(٢١) ، کە هەم لەگەڵ تایبەتمەندی "هاوچەرخبوون" و هەم "کرداریبوون"ی توێژینەوە سەرەکییەکەدا هاوتەریبە.

٥- توێژینەوەی Davies ( 2022)، "The Theoretical Foundations of Adult Learning in Professional Development Programs: A Review"

-ئەم دیراسە تیۆریە، تیشک دەخاتە سەر تیۆرییەکانی فێربوونی گەوران (Andragogy) و جیاوازییەکانی لەگەڵ فێربوونی منداڵاندا (Pedagogy). توێژینەوەکە پەرنسیپە سەرەکییەکانی فێربوونی گەوران (وەک خۆبەڕێوەبەری، پەیوەستبوونی فێربوون بە ئەزموون، گرنگیی پراکتیکی و پاڵنەرە ناوخۆییەکان) ڕوون دەکاتەوە. ئەم تێگەیشتنە بۆ دیزاینکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان، کە زۆربەیان گەورەن، زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بەرنامەکە کاریگەر بێت و لەگەڵ پێداویستییەکانی فێرخوازانی گەورەدا بگونجێت.

-بەراوردکاری لەگەڵ "بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمەندییەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردن": توێژینەوە سەرەکییەکە باس لە بنەما گشتییەکانی بەرنامەی ڕاهێنان دەکات و بەشێکی لەسەر "ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی مامۆستاکان" دەبێت. توێژینەوەکەی دەیڤس قووڵایی تیۆریی بەرچاو بەم بەشە دەبەخشێت بە شیکردنەوەی وردی تیۆرییەکانی فێربوونی گەوران. ئەمەش بنەمایەکی ئەکادیمی بەهێز دابین دەکات بۆ دیزاینکردنی بەرنامەی ڕاهێنان بە شێوازێک کە لەگەڵ ئەزموون، ئامانجەکان، و شێوازەکانی فێربوونی مامۆستایان وەک فێرخوازانی گەورە بگونجێت. ئەمەش لەگەڵ تایبەتمەندی "کرداریبوون" و "پەیوەستبوون بە پێداویستییەکان"ی توێژینەوە سەرەکییەکەدا هاوتەریبە.

٦- کتێبی (عرفان محمود، ٢٠١٨): "تصميم وتطوير برامج تدريب المعلمين: دليل عملي للمدربين والمشرفين التربويين"

-دیراسەی ئەم کتێبە وەک ڕێبەرییەکی کرداریيە بۆ دیزاینکردن، جێبەجێکردن، و هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان. تیشک دەخاتە سەر لایەنە پراکتیکییەکان و چۆنیەتی پەیڕەوکردنی بنەما پەروەردەییەکان لە پرۆسەی ڕاهێناندا.

-بەراوردکاری لەگەڵ توێژینەوە سەرەکییەکە: ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی کرداریی بەنرخە بۆ ئەو بەشانەی توێژینەوە سەرەکییەکە کە باس لە دیزاین، جێبەجێکردن، و هەڵسەنگاندنی بەرنامەی ڕاهێنان دەکەن. بەشێکە لە پشتگیریکردنی بنەماکانی دیزاینی سیستماتیک (هاوتەریب لەگەڵ الهاشمي) و دەتوانێت وەک سەرچاوەیەک بۆ "هەڵسەنگاندنی گشتگیر و زانستی" خزمەت بکات، چونکە ڕێنوێنی کرداری بۆ هەموو قۆناغەکان دابین دەکات.

٧-کتێبی (الزيادات، ٢٠١٥): "نظريات التعلم وتطبيقاتها التربوية"

-کار لەسەر دیراسەکردنی ئەم کتێبە تیۆرییە سەرەکییەکانی فێربوون (وەک ڕەفتارگەری، مەعریفی، بنیادنەر) بە قووڵی شی دەکاتەوە و چۆنیەتی کارپێکردنیان لە بواری پەروەردەییدا ڕوون دەکاتەوە. تێگەیشتنێکی بنەڕەتی بۆ ئەو بنەمایانە دابین دەکات کە ستراتیژییەکانی ڕاهێنان لەسەریان بنیات نراون.

-بەراوردکاری لەگەڵ توێژینەوە سەرەکییەکە: ئەم کتێبە بنەمایەکی تیۆریی پتەو بۆ بەشەکانی "ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە" و "ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی و پێداویستییەکانی مامۆستاکان" لە توێژینەوە سەرەکییەکەدا دابین دەکات. لە کاتێکدا توێژینەوەکەی (السيد،٢٠١٩) باس لە کاریگەریی فێربوونی چالاک دەکات، کتێبەکەی الزيادات چوارچێوە تیۆرییەکانی پشت ئەم ستراتیژییانە ڕوون دەکاتەوە، بەمەش قووڵایی ئەکادیمی زیاتر بە پێشنیارەکان دەدات.

**٩.٢ خستنەڕووی ئەنجامی بەراوردکاری گشتی و تاوتێکردنی دیراساتەکان :**

بە یەکەوە، دیراسەکردنی ئەم حەوت سەرچاوەیە (پێنج توێژینەوە و دوو کتێب) چوارچێوەیەکی تیۆریی تێروتەسەل و قووڵتر بە توێژینەوە سەرەکییەکە "بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمەندییەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردن" دەبەخشن. ئەم توێژینەوانە نەک تەنها پشتگیری لە پێشنیارە بنەڕەتییەکانی توێژینەوە سەرەکییەکە دەکەن، بەڵکو ڕەهەندە ئەکادیمییەکان دەوڵەمەندتر دەکەن، وەک ئەمانەی خوارەوە :

-ڕوونیی ئامانج و پەیوەستبوونی ناوەڕۆک (الهاشمي،٢٠٢١) : بنەمایەکی مۆدێرن بۆ دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنان دابین دەکات، کە پشتگیری لە گرنگیی دیاریکردنی ئامانج و داڕشتنی ناوەڕۆک لە توێژینەوە سەرەکییەکەدا دەکات.

-بنیاتنانی کارامەیی کرداری و بەشدارپێکردن (السيد،٢٠١٩) : بەڵگەی تیۆریی بۆ ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک

دەخاتە ڕوو، کە لەگەڵ ستراتیژییەکانی جێبەجێکردن لە توێژینەوە سەرەکییەکەدا هاوتەریبە.

–هاوچەرخبوون و تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا (مصطفی،٢٠٢٠) و (عەبدوڵلا،٢٠٢٣): ڕێبازەکانی پەرەپێدان و چەمکی پەروەردەی تەکنەلۆژی قووڵتر دەکەنەوە، کە بە تەواوی لەگەڵ بەشی "سەدەی بیست و یەک" و تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا لە توێژینەوە سەرەکییەکەدا دەگونجێت.

–ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی (Davies,2022) : چوارچێوەیەکی تیۆریی قووڵ بۆ تێگەیشتن لە فێربوونی گەوران دابین دەکات، کە یارمەتیدەرە بۆ دیزاینکردنی بەرنامەی ڕاهێنانێک کە لەگەڵ پێداویستییەکانی مامۆستایاندا بگونجێت.

–هەڵسەنگاندنی گشتگیر و بەردەوامی (بەناڕاستەوخۆیی لە الهاشمي و تیۆرییەکانی گەشەپێدان): پرەنسیپی هەڵسەنگاندنی بەردەوام و پەرەپێدانی بەرنامەکان لەم توێژینەوانەدا هەیە، کە دڵنیایی دەدات لەوەی بەرنامەکە بەردەوام باشتر بکرێت و کاریگەریی درێژخایەنی هەبێت.

–ڕوونیی ئامانج و پەیوەستبوونی ناوەڕۆک (الهاشمي و عرفان محمود): بنەمایەکی مۆدێرن و کرداری بۆ دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنان دابین دەکەن، کە پشتگیری لە گرنگیی دیاریکردنی ئامانج و داڕشتنی ناوەڕۆک لە توێژینەوە سەرەکییەکەدا دەکات.

–بنیاتنانی کارامەیی کرداری و بەشدارییپێکردن (السید و الزیادات): بەڵگەی تیۆریی قووڵ بۆ ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک دەخەنە ڕوو، کە لەگەڵ ستراتیژییەکانی جێبەجێکردن لە توێژینەوە سەرەکییەکەدا هاوتەریبە.

–هاوچەرخبوون و تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا (مصطفی و عەبدوڵلا): ڕێبازەکانی پەرەپێدان و چەمکی پەروەردەی تەکنەلۆژی قووڵتر دەکەنەوە، کە بە تەواوی لەگەڵ بەشی "سەدەی بیست و یەک" و تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا لە توێژینەوە سەرەکییەکەدا دەگونجێت.

–ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی (Davies) و (عرفان محمود): چوارچێوەیەکی تیۆریی قووڵ بۆ تێگەیشتن لە فێربوونی گەوران دابین دەکەن، کە یارمەتیدەرە بۆ دیزاینکردنی بەرنامەی ڕاهێنانێک کە لەگەڵ پێداویستییەکانی مامۆستایاندا بگونجێت.

–هەڵسەنگاندنی گشتگیر و بەردەوامی (بەناڕاستەوخۆیی لە الهاشمي و عرفان محمود): پرەنسیپی هەڵسەنگاندنی بەردەوام و پەرەپێدانی بەرنامەکان لەم سەرچاوانەدا هەیە، کە دڵنیایی دەدات لەوەی بەرنامەکە بەردەوام باشتر بکرێت و کاریگەریی درێژخایەنی هەبێت.

## ٣. دەرئەنجامەکان (Results)

### ١.٣ توێژەر بە پێی دەرهاوشتەکانی تەوەرەکانی چوارچێوەی توێژینەوەکە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

١- دەرکەوت کەبەرنامەکانی ڕاهێنان وەک شێوازێکی کاریگەر لە ڕێکخستنی پرۆگرامی خوێندن و ستراتیژێکی بنەڕەتی فێرکردن، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە پێشخستنی تواناکانی کادیرانی پەروەردەیی و بەرزکردنەوەی کارایی گشتیی پرۆسەی فێرکردن.

٢- ئەوە خرایە ڕوو کە سەرکەوتنی هەر بەرنامەیەکی ڕاهێنان پشت بە بوونی کۆمەڵێک توخمی سەرەکی دەبەستێت، لەوانە: ئامانج، ناوەڕۆک، شێوازەکانی ڕاهێنان، هەڵسەنگاندن، و بەدواداچوون.

٣- روونبووەوە کە داڕشتنی بەرنامەکانی ڕاهێنان لەسەر بنەمای وەک: گشتگیری، بەردەوامی، کاتی تەرخانکراو، پەیرەوکردن، واقعیەت، لۆژیک، گەشەپێدان، بەشداریکردن، ڕێزگرتن، پراکتیزەکردن و پاپەندبوون دادەنرێن.

٤- سەرکەوتنی بەرنامەکان بە ڕوونی و وردبینی لە داڕشتنی ئامانجەکانیدا پەیوەستە، کە دابەش دەبن بۆ گشتی (مەبەستی بنەڕەتی) و تایبەت (ئەرک و چالاکییە دیاریکراوەکان لەگەڵ پێوەرەکانی ئەدا)، بە جۆرێک کە لەگەڵ پێداویستییەکانی بەشداربووواندا گونجاو بێت.

٥- لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بەرنامەکانی ڕاهێنانی کاریگەر بریتین لە: ئامانجدارییەکی ڕوون، توانای خۆگونجاندن، گشتگیری لە ناوەڕۆکدا، و بوونی سیستەمێکی هەڵسەنگاندنی بەردەوام.

٦- دەرکەوت تایبەتمەندیی خۆگونجاندن لە بەرنامەکانی ڕاهێناندا وای لێدەکات زیاتر لەگەڵ جیاوازییەکانی ژینگەی پەروەردەیی و داواکارییە کەسییەکانی تاکەکاندا بگونجێت.

٧-گشتگیربوونی بەرنامەکانی ڕاهێنان دڵنیایی دەدات لە گەشەپێدانی هاوسەنگانەی لایەنە زانستی، کارامەیی، و هەستییەکانی بەشداربووان.

٨- هەڵسەنگاندنی بەردەوام توخمێکی سەرەکییە بۆ مسۆگەرکردنی کوالیتی بەرز، دڵنیابوون لە بەدیهاتنی ئامانجەکانی بەرنامەکە، و وەک ستراتیژێک لە قۆناغەکانی پێش، لە کاتی، و دوای جێبەجێکردندا جێگەی دەگرێت.

٩- دووپاتبووەوە کە داڕشتنی بەرنامەکانی ڕاهێنان بەپێی بنەما زانستی و پەروەردەییەکان، کارێکی کاریگەرە لە بەرزکردنەوەی ئاستی گشتیی فێرکردن و بەهێزکردنی دەرهاویشتە کوالیتییەکانی.

١٠-گەیشتن بەو دەرئەنجامەی کە بەرنامەکان بۆ چەندین مەبەستی دامەزراوە پەروەردەییەکان دیزاین دەکرێن، لەوانە: باشترکردنی ئەدای مامۆستا، ئاسانکاری گەیشتن بە ئامانجەکانی خوێندن، باشترکردنی کەشوهەوای پەروەردەیی، هاندانی فێربوونی بەردەوام و شایستەکردنی ڕاهێنەران.

١١- ئەوەی لە دەرئەنجامدا سەلمێنرا بەرنامەکانی ڕاهێنان کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر پێنج ڕەهەند هەیە: باشترکردنی توانای فێرکردن، هاندانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، بەرزکردنەوەی ئاستی ئەکادیمی، سوودوەرگرتن لە ئەزموون، و پەرەپێدانی لایەنی زانیاری و ڕۆشنبیری.

١٢- چەخت کرایەوە پرۆسەی دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنانی پێنج قۆناغی سەرەکی لەخۆدەگرێت: شیکاریی پێداویستییەکان، دانانی ئامانجی دیاریکراو، دیزاینی ناوەڕۆک (تێکەڵکردنی تیۆری و پراکتیک)، جێبەجێکردن (تیۆری و پراکتیکی)، و هەڵسەنگاندن.

١٣-بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەدا پشت بە دابینکردنی پێکهاتەی وەک: ژینگەی فیزیکی گونجاو، سەرچاوەی مرۆیی کارامە، کەرەستەی فێربوون، تەکنەلۆژیای پشتیوانی (وەک پلاتفۆرمی ئۆنلاین)، و ڕێکخستنی سیستەماتیکی چالاکییەکان دەبەستێت.

١٤-ستراتیژەکانی وانەوتنەوەی وەک فێربوونی هاوبەش، فێربوون لەسەر بنەمای پرۆژە، و فێربوونی ئاشکرا بەکاردەهێنرێن بۆ پەرەپێدانی توانای کارکردنی تیمی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، و لێهاتوویی گەیاندنی بیرۆکەکان.

١٥- یەکێ لە دەرئەنجامەکانی دوای خستنەڕووی گفتوگۆی دیراسەکانی پێشوو ئەوەیە: بەرنامەکانی ڕاهێنان پێویستە بە شێوەیەکی سیستماتیک و تیۆرییانە دیزاین بکرێ، وەک مۆدێلی(ADDIE) ، بۆ دڵنیابوون لە ڕوونی ئامانج و داڕشتنی زانستییانەی ناوەڕۆک.

١٦- بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک و تێگەیشتن لە تیۆرییەکانی فێربوون، فێرخوازان چالاک دەکات و دەبێتە هۆی فێربوونێکی قووڵتر.

١٧-لە گفتوگۆی دیراسەکان گەیشتن بەو حەقیقەتەی کە بەرنامەکانی ڕاهێنان دەبێت بەردەوام نوێ بکرێنەوە و تەکنەلۆژیا (وەک پەروەردەی تەکنەلۆژی و کارامەییەکانی سەدەی ٢١) تێیاندا تێکەڵ بکرێت.

١٨-لە ئەنجامی خستنە ڕووی تاوتوێی دیراسەکان دەرکەوت: دیزاینی بەرنامەکان دەبێت لەسەر بنەمای تیۆرییەکانی فێربوونی گەوران بێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستی و شێوازەکانی فێربوونی مامۆستایاندا بگونجێت.

**٣٠٣ ڕاسپاردە:**

توێژەر بە پێی دەرهاویشتەی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەک دەخاتە ڕوو:

١-بەرنامەی ڕاهێنان و تایبەتمەندیەکانی وانەیەکی لە کۆرسەکانی خوێندن بۆ تەرخان بکرێت پەیوەست بە بواری پەروەدە و فێرکردندا .

٢-لە چوار چێوەی بەرنامەیەکی نموونەیی یەکگرتوو، خولی ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی بکرێتەوە و پێشکەش بە ڕاهێنەران (مامۆستا) یان بکرێت .

٣-هەر بەرنامەیەکی ڕاهێنانی کار لەسەر ستراتیژیەتی بەکارهێنانی بکرێت، لەسەر بنەمای شێوازی داهێنانەرانە و

لێهاتوویی لە زۆربەی توێژینەوەکان و لێکۆلینەوەکان .

٤-سوود وەرگرتن لە تایبەتمەندی بەرنامە ڕاهێنانییەکانی وولاتە پێشکەوتووەکان، بە گشتی لە هەموو بوارێکی خوێندن و لە بواری پەروەردەی هونەری بە تایبەت.

٥-دابینکردنی ئامێرە پێشکەووتەکانی تەکنەلۆژیا و ئامرازی نوێی وانە ووتنەوە لە لایەن دام و دەزگای پەیوەندار، لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی و تایبەتمەندیەکانی لە بواری پەروەردە وفێکردن.

### ٢.٣ پێشنیار :

توێژەر بۆ تەواکردنی لایەنەکانی دیکەی توێژینەوەکە، پێشنیازی ئەم توێژینەوەیانەی لای خوارەوە دەکات:

١-بنەماکانی بونیادنانی بەرنامە ڕاهێنانیەکان ( دەروونی ، پەروەردەیی ، مەعریفی ، کارامەیی ، کەلتوری ، کۆمەڵایەتی ، تەکنەلۆجی )

٢-مۆدێلەکانی دیزاینکردنی بەرنامە ڕاهێنانیەکان

٣-کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنانی لە گەشەسەندنی ئاستی ئەداء

٤-تەکنیکە مۆدرێنەکانی ڕاهێنان

### ٤.٣ سەرچاوەکان: (References)

### ١.٤.٣ سەرچاوە کوردییەکان:


– ئەحمەد، عەبدوڵڵا (٢٠١٥). بنەماکانی پەروەردە و فێرکردن. چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

– حەمەسەعید، کارزان (٢٠٢٢). دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنان لە سیستەمی پەروەردەی کوردستان. هەرێمی کوردستان: چاپخانەی خانی.

– حمامین، ع. و قادر، ئا. (٢٠٢٥). "بەربەستەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە لایەن ڕاهێنەرانی وەزارەتی پەروەردە لە دیدی مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری هەولێر". گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، ژمارە (٢٩).

– زاخوي، احمد محمد (٢٠٢٠). هەڵسەنگاندنی فێربوونی ئاوێتە. بەڵگەنامەی زانکۆی زاخۆ. هەرێمی کوردستان: چاپخانەی زاخۆ.

– صابر، نەوزاد (٢٠١٥). بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

– عەبدولکەریم، سەید ئەحمەد (٢٠٠٥). بنەماکانی پەروەردە و فێرکردن. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

– عبدالكريم، هەرێم محمد (٢٠٢٢). کاریگەری بەرنامەیەکی ڕاهێنانی پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منالان. ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، بەشی باخچەی منداڵان.

– عبدالله، مهاباد إبراهيم (٢٠٢٢). بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو پشتبەست بە (مەڵتیمیدیا) تایبەت بە هەستی جوگرافی و نیشتیمانی لای منداڵانی باخچە. ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی باخچەی منداڵان.

– محەمەد، بەختیار (٢٠٢٠). ڕێگا نوێیەکانی وانەوتنەوە. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.

– محەمەد، ڕێباز (٢٠٢١). بنەماکانی ڕاهێنان. هەولێر: چاپخانەی بەرەی کورد.

– وریا، قادر (٢٠٠٥). مێژووی پەروەردە و فێرکردن. سلێمانی: مەکتەبی بیر و هۆشیاری.

– هەژار (عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی) (٢٠١٠). هەنبانە بۆرینە: فەرهەنگی کوردی-فارسی. چاپی شەشەم. هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس.

– هێمن، عەبدولا (٢٠١٢). ڕاهێنانی کارا و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکاندا. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

– یادگار، محمدامین (٢٠٢٣). کاریگەری بەرنامەیەکی ڕاهێنانی لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی ڕێکخستنی پێشانگای هونەری (Curating) و بیرکردنەوەی پێکهێنەرانە لای خوێندکارانی کۆلێژی هونەر. ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی.


### ٢.٤.٣ سەرچاوە عەرەبییەکان:


– ابن خلدون، عبدالرحمن. (٢٠٠٤). مقدمة ابن خلدون. دراسة: عبدالله محمد الدرويش. دمشق: دار يعرب.

– ابن منظور، محمد بن مكرم. (١٩٩٤). لسان العرب. بيروت: دار صادر.

– أبو النصر، مدحت محمد. (٢٠٠٧). إدارة وتنمية الموارد البشرية: الاتجاهات المعاصرة. القاهرة: مجموعة النيل العربية.

– أحمد، إبراهيم باشات. (٢٠٠٩). أسس تصميم نظم التدريب والتطوير. المركز العربي للدراسات الأمنية والتدريب.

– بديوي، عبدالكريم. (٢٠٠٣). مقدمة في علوم التربية. دمشق: دار الفكر.

– بسطويسي، احمد. (١٩٩٩). اسس ونظريات التدريب الرياضي. القاهرة: دار الفكر العربي.

– جابر، سميح. (٢٠١٥). دليل إعداد البرامج والمواد التدريبية. طرابلس، ليبيا: المركز العربي لتنمية الموارد.
– جواهر عبد الهادى، محمد العبيدى. (٢٠١٣). اثر التوجيه الابداعي واستراتيجية التدريب على اداء العاملين فى شركة نفط الكويت. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الاوسط، كلية الاعمال، الكويت.
– حسن، أحمد الطعانى. (٢٠٠٢). التدريب "مفهومة، فعاليته، بناء البرامج التدريبية وتقويمها". عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع.
– الحصري، علي. (٢٠٠٨). طرائق التدريس العامة. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع.
– الدرة، عبد الباري واخرون. (١٩٨٨). الحقائب التدريبية. الطبعة الأولى، بيروت: الدار العربية للموسوعات، منظمة الاقطار العربية المصدرة للنفط.
– الدليمي، طارق عبد أحمد. (٢٠١٦). الإشراف التربوي واتجاهاته المعاصرة. عمان: دار المنهل.
– زيتون، حسن حسين. (٢٠٠١). مهارات التدريس: رؤية في تنفيذ التدريس. القاهرة: عالم الكتب.
– رفاعي، م. ع. (٢٠١١). المفاهيم الأساسية في التربية. القاهرة: دار الفكر العربي.
– الزهراني، علي. (٢٠١٨). أساليب التعليم الفعال. جدة: دار الخلود.
– السعدي، ساهرة عباس قنبر. (٢٠٠٤). مهارات التدريس والتدريب عليها (نماذج تدريسية على المهارات). الطبعة الأولى، عمان: مطبعة الوراق.
– السلمي، علي. (٢٠٠٢). إدارة الموارد البشرية الاستراتيجي. القاهرة: دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع.
– السيد، علي. (١٩٩٩). إدارة وتنمية الموارد البشرية. القاهرة: دار الفكر العربي.
– سعيد حمدي. (٢٠١٥). "التدريب المهني والتعليم المستمر: دوره في تطوير كفاءة المعلمين". مجلة العلوم التربوية.
– سليمان، بن ناصر الثويني. (٢٠٢١). "واقع تقويم البرامج التدريبية بعمادة خدمة المجتمع". مجلة تكنولوجيا التعليم.
– الشيباني، عمر محمد التومي. (١٩٩٣). أصول التربية الإسلامية والفلسفية. طرابلس: الدار العربية للكتاب.
– شريف، هاني. (٢٠١٩). أساليب التدريس الحديثة: التعلم الموجه. عمان: دار الإسراء.
– طه، حسين خميس. (٢٠٢٤). "تصور مقترح لتطوير منظومة تدريب معلمي التعليم الأساسي". المجلة التربوية.
– الطائي، محمد أحمد. (٢٠١٩). تصميم البرامج التدريبية. العراق: دار الكتب العلمية.
– عاشور، أحمد صقر. (١٩٩٦). إدارة القوى العاملة. الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
– عبد الرحمن، خالد محمود. (٢٠٢١). التخطيط الاستراتيجي للتدريب. مصر: دار الفكر العربي.
– عبد العال، محمد. (٢٠١٧). طرق التدريس الحديثة. عمان: دار الثقافة.
– العبدالله، محمد. (٢٠٢٠). تصميم البرامج التدريبية في المجال التربوي.
– عزيز، صبحي خليل. (١٩٩٩). علم النفس الصناعي. الطبعة الأولى، بغداد: قسم العلوم التطبيقية، الجامعة المستنصرية.
– العفون، نادية غالب ومكاون، عبدالرسول سلمان. (٢٠١١). أثر برنامج تدريبي وفقا للتربية من أجل التنمية المستدامة لمدرسي العلوم في كفايات الاقتصاد المعرفي لديهم. المجلة الامريكية الدولية للعلوم الانسانية والاجتماعية.
– عفاف، احمد النجار. (٢٠١١). البرامج التدريبية وأثرها على أداء موظفي وزارة التربية والتعليم الفلسطينية. رسالة ماجستير غير منشورة، الخليل، فلسطين: قسم إدارة الأعمال، جامعة الخليل.
– علي، خالد. (٢٠١٦). التخطيط والتنفيذ للبرامج التدريبية. الرياض: مكتبة العبيكان.
– علي، كريم ناصر والدليمي، أحمد محمد خلف. (٢٠٠٩). علم النفس الأداري وتطبيقاته في العمل. عمان، الأردن: دار وائل للنشر.
– العنزي، سعد. (٢٠١٢). التدريب والتنمية المستدامة. عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.
– فدى محمد بسام، القحف. (٢٠١٨). برنامج تدريبي مقترح لتطوير كفايات العاملين في التخطيط التربوي بوزارة التربية في الجمهورية العربية السورية. دكتوراه، جامعة دمشق، كلية التربية، قسم أصول التربية.
– قطامي، يوسف. (٢٠٠٥). سيكولوجية التعلم والتعليم الصفي. عمان: دار الفكر.
– كافالو، جون. (٢٠١٠). تحليل الاحتياجات التدريبية: الدليل الشامل لتقييم فجوات الأداء. الطبعة الثالثة، نيويورك.
– ماهر، أحمد. (٢٠٠٤). إدارة الموارد البشرية. الإسكندرية: الدار الجامعية.
– محمد، الدلفي وجين جبير. (٢٠٢٠). برنامج تدريبي مقترح لتنمية معلمي التربية الفنية مهنيا. مجلة دراسات تربوية، العدد (٥٠).
– مرسي، محمد. (٢٠١٠). الإدارة التعليمية أصولها وتطبيقاتها. القاهرة: عالم الكتب.
– مشهور، محمد عبد ربه طويقات. (٢٠٠٩). بناء برنامج تدريبي لتطوير المهارات القيادية لعمداء الكليات ورؤساء الأقسام. مجلة بحوث التربية النوعية.
– المصدر، أيمن. (٢٠١٠). واقع عملية تقييم البرامج التدريبية في الهيئات المحلية بالمحافظات الجنوبية. بحث ماجستير غير منشور، غزة: كلية الاقتصاد والعلوم الادارية، جامعة الأزهر.

– مجمع اللغة العربية بالقاهرة (٢٠٠٤). المعجم الوسيط. چاپی چوارەم. قاهیره: مكتبة الشروق الدولية.
– الهاشمي، عبدالرحمن. (٢٠١٢). مدخل إلى التربية. الطبعة الثالثة، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
– وصوص، ديمة والجوارنة، المعتصم بالله. (٢٠١٦). الإشراف التربوي ماهيته تطوره – أنواعه – أساليبه. عمان: دار الخليج للنشر والطباعة.
– ياغي، محمد عبد الفتاح. (١٩٨٦). التدريب الإداري بين النظرية والتطبيق. رياض: جامعة الملك سعود، عمادة شؤون المكتبات.
– ياسر سالم، عايض المري. (٢٠٠٩). دور التقنيات الحديثة في رفع كفاءة أداء العاملين في لإدارة العامة للخدمات الطبية. رسالة ماجستير غير منشورة، الرياض: جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.

### ٣.٤.٣ سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Brown, A. (2019). Designing Training Programs. London: Routledge.
- Brown, K., & Smith, L. (2021). Educational Training Programs: Design and Implementation.
- Gage, N. L. (1978). The Scientific Basis of the Art of Teaching. New York, NY: Teachers College Press.
- Kapp, K. M. (2021). The Gamification of Learning and Instruction: Game-based Methods and Strategies for Training and Education. 2nd edn. San Francisco, CA: Wiley/Pfeiffer.
- Morrison, G.R., Ross, S.J., & Morrison, J.R. (2019). Designing Effective Instruction.
- Noe, R. A. (2010). Employee Training & Development. 5th ed. New York, NY: McGraw-Hill Education.
- Smith, T. (2020). Evaluating Training Effectiveness. Boston: McGraw.
- Wilson, J. P. (ed.) (2005). Human Resource Development: Learning and Training for Individuals and Organizations. 2nd ed. London: Kogan Page.

### ٤.٤.٣ سەرچاوەی ماڵپەڕەکان:

– https://learningforward.org/journal/july-2016/four-key-principles-for-effective-curriculum-design/
–ناوی نووسەر: Fogarty, Kathleen
ناوی وتار.( Four Key Principles for Effective Curriculum Design)
بەرواری بڵاوکردنەوە.March 2, 2017
لینکی وتار
– https://www.curriculumassociates.com/insights/visible-learning-using-evidence-to-maximize-impact
–ناوی نووسەرHattie, John
ناوی وتار : Visible Learning: Using Evidence to Maximize Impact
بەرواری بڵاوکردنەوە.September 1, 2017
– https://www.thoughtco.com/building-a-curriculum-5-steps-to-success-2073998
–ناوی نووسەر: Campbell, Margre
ناوی وتار: Building a Curriculum: 5 Steps to Success
بەرواری بڵاوکردنەوە : June 25, 2019

**البرنامج التدريبي وخصائصه في مجال التربية و التعليم**

**سوران اسماعيل احمد**
قسم الفنون التشكيلية، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين– أربيل
أقليم كوردستان,العراق
soran.ahmed@su.edu.krd

**جواد نعمت حسين**
قسم التربية الفنية، كلية التربية الأساسية، جامعة السليمانية السليمانية–أقليم
كوردستان العراق
Jawad.hussein@univsul.edu.iq

**الملخص**

يشكل هذا البحث جزءاً مستخلصاً من رسالة دكتوراه، وينصرف اهتمامه حصرياً إلى المعالجة النظرية لجوانب البرامج التدريبية. لايركز هذا البحث على الجوانب العملية أو التجارب الميدانية المتصلة بالبرامج التدريبية، بل يركز بشكل أساسي على استعراض الإطار المفاهيمي والنظري المرتبط بها، استناداً إلى ما ورد في الأدبيات التربوية والدراسات السابقة ذات الصلة. يكمن الهدف الجوهري لهذا البحث في استجلاء مفهوم "البرنامج التدريبي" وتحديد سماته الأساسية ضمن سياق التربية والتعليم، يتألف البحث من ثلاثة فصول رئيسية: الفصل الأول: يخصص لتقديم البحث، ويتضمن المباحث التالية: مشكلة البحث، مبررات أهميته، أهدافه المحددة، حدوده الموضوعية والزمانية والمكانية، بالإضافة إلى التعريف بالمصطلحات والمفاهيم الأساسية، الفصل الثاني: يستعرض الإطار النظري للبحث، ويشمل ثمانية محاور تفصيلية تتناول (موجزاً تاريخياً لنشأة البرامج التدريبية، ماهيتها المفهومية، مكوناتها، أسسها ومبادئها، غاياتها وأهدافها، خصائصها المميزة، أهميتها البالغة، آليات تصميمها، متطلبات تقييمها، فضلاً عن تحليل ومناقشة الدراسات السابقة )، أما الفصل الثالث: يتضمن عرضاً للنتائج التي تم التوصل إليها، ويتبعه تقديم التوصيات والمقترحات البحثية المستندة إلى هذه النتائج.

**الكلمات المفتاحية :** البرنامج التدريبي، التربية ، التعليم

**The Training Program and its Characteristics in the Field of Education and Teaching**

**Soran Ismael Ahmed**
Department of Fine Arts - College of Fine Arts University of Salahaddin
Erbil - Kurdistan Region, Iraq
soran.ahmed@su.edu.krd

**Jawad Nemat Hussein**
Department of Art Education – College of Basic Education, University of Sulaymaniyah, Sulaymaniyah-Kurdistan Region of Iraq
Jawad.hussein@univsul.edu.iq

**Abstract**

This research is an extract from a PhD dissertation, focusing exclusively on the theoretical aspects of training programs. It does not emphasize the practical applications or empirical field studies related to training programs; instead, it highlights the theoretical framework associated with them, as presented in educational literature and previous studies. The primary objective is to elucidate the meaning of the concept of "training program" and its characteristics within the field of education and training. The study is structured into three main sections: Section One: Dedicated to the introduction of the research, which includes the following subsections: the research problem, its significance, research objectives, scope and limitations, and definition of terms. Section Two: Devoted to the theoretical framework of the research, comprising eight axes. These axes discuss (a brief history of the emergence of training programs, their conceptual meaning, elements, principles, objectives, characteristics, importance, design, and assessment requirements, along with a discussion of previous studies). Section Three: Presents the findings, recommendations, and suggestions derived from the research.
**Keywords**: The training program, Education, Teaching